
# ماسۆنیەت



✎ خوسرەو جاف

# ناسنامەی کتێب


❁ **ناوی کتێب: ماسۆنیەت**

❁ **بابەت:** لێکۆڵینەوە

❁ **نووسینی:** خوسرەو جاف

❁ **بەرگ:** زێرین جاف

❁ **چاپ:** یەکەم - ٢٠٢٠

❁ **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە




# ماسۆنیەت

خوسرەو جاف


چاپی یەکەم

٢٠٢٠

# ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| کاتی هاتووە ! | ٧ |
| مێژووی ماسۆنیەت | ١٣ |
| لۆژ Loge | ٣٠ |
| پەرستگا | ٣٣ |
| سوێند خواردن | ٣٦ |
| بەرگ و ئامێرەکان | ٤١ |
| پارێزەرانی پیرۆز و چوار کەسە تاجدارەکە | ٤٢ |
| لەبەنناى عەمەلیەوە بۆ فەراماسۆنەری | ٤٧ |
| پێکهێنانی لۆژی گەورە لە لەندەن | ٥٠ |
| پلەوپایەی ماسۆنیەت | ٥٩ |
| ماسۆنیەتو شۆڕشی گەورەی فەرەنسە ١٨٠٤-١٧٨٩ | ٦٦ |
| ئارم و دیاردەی شۆڕشگێڕان | ٦٩ |
| تاقی پۆلایین | ٧١ |
| فردریکی گەورە | ٧٢ |
| ئینسکلۆپیدیا و ماسۆنیەت | ٧٣ |
| ماسۆنیەتو ناپلیۆن بۆنابەرت | ٧٦ |
| ماسۆنیەت لەسەدەی نۆزدەهەم و بیستەمدا | ٨٠ |
| ماسۆنیەتی ژنانە | ٨٤ |

| | |
|---|---|
| مافی مرۆڤ | ٨٨ |
| سەنگ تاشین | ٩٠ |
| زنجیری پەیوەند | ٩٢ |
| سەرئەنجانم | ٩٥ |
| کۆتایی، ڕێوڕەسمی ئەندامبوون | ١٠١ |
| تاقیکردنەوەی ئازایەتی | ١٠٨ |
| فەرمان بەرداریو رازداری | ١١٠ |
| ماسۆنیەت لەئەمریکا | ١١٤ |
| ماسۆنیەتی تازە | ١١٧ |
| ئەنجوومەنی کۆنی ماسۆنیەت | ١٢١ |
| ئەرکە کۆنەکان | ١٢٣ |
| ڕوونکردنەوە | ١٢٥ |



# کاتی هاتووە!

وشـەی ماسـۆنیەت تـا ناوەڕاسـتی سـەدەی پێشـوو لـەناو ئێمـەی کورددا نەبیستراببوو، لەدوای لەناوچوونی پاشایەتی لەعێراقدا ناوی ئـەو ڕێکخـراوە وەك دێـوێکی کەڵپـەخۆپنین خرایـە سـەر زمـانی خـەڵکی و هـــەرکات نـــاوی ئیمپریالیـــەت و دیکتاتۆریـــەت بهاتبایـــە، وشـــەی "ماسۆنیەت" دەکرایە پاشبەندیان.

لەبیرمـە یەکـەمین جـار ئـەو وشـەیەم بیسـت لـێم بـوو بـەخولیا، مێردمنداڵ بووم، لەخۆم گەورەترم دەپرسـی.. ئـەرێ دەزانم ئیسـتعمار ئەوە بۆ خۆی ئیستعمارە.. ئیدی ئەو ماسۆنیو ماسۆنیەتە دەبێت چی بێت، خودایە یان شەیتانە؟

باوەڕتان هەبێت کەس نەیدەزانی وەڵامم بداتەوە.. ئەو ناوەم لابوو بـە "گورنەتەڵـە" سـاڵ هاتوچـوو، لێـرە و لـەوێ کـەم و زۆر دەربـارەی ماسۆنیەتم دەخوێندەوە، بـەڵام بەشـێوەیەکی لێـڵ و شـێواو شـتێکم لا گەڵاڵە بـوو.. قۆنـاغی قوتـابیبوونم لـێ شـێوا و بـووم بـە پێشـمەرگە و ئاوارەبووم و سەرئەنجام لەشـاری "تـاران" گیرسـامەوە، نـە بـۆ سـاڵێك بـەڵکو ١٨ سـاڵ لـەو بنارەیـدا جگـە لـە کـاری تایبـەتیم "میعمـاری" بەخوێندنەوەی جۆراوجۆرەوە سەرقاڵ بووم.

خـوا کـردی نووسـەری بـەناوبانگی ئێرانـی "ئیسـماعیلی رائـین" کتێبێکی چەند بەرگی دەربارەی (لوژی فەریا) بڵاوکـردەوە ئـەو کتـاوە هـەروا بـەزمێکی فراوانـی نایـەوە، جگـە لـەناوی ئەنـدامانی "لـوژی پەهلەوی" کە زۆربـەی پیـاوانی سـەردەمی رژێمـی پەهلـەوی تیـادابوو، تـۆزەکێکی دەربـارەی مێـژووی ماسـۆنیەتو سـەرەتاکانی خسـتبووە بەردەست.

ئەوەی راستی بێت بەنـدە وشـەی "ماسـۆنیەت" و چـۆنیەتیی ئـەو ئەنجوومەنەم لەبیرچووبوویەوە، بەڵام ئەو کتاوەی "ئیسماعیل رائـین"ە دووبارە خولیای پێـزانینی ماسـۆنیەتی بەلامـەوە زینـدووکردەوە، ئـیتر کەوتمـــەوە تەقـــەلاو ئـــەملاولاکردن بـــەدوای سەرچـــاوەو زانیـــاری جۆراوجۆردا، خۆ لەو وڵاتەشدا کتاوخانەی هێندە دەوڵەمەندی تیادایە، شیری مریشکت بوێت بەدەستی دێنیٚ!

دوای ئەوەی بە وردی مێژووی سەرهەڵدان و چۆنیەتیی ناسیونەریم بەلاوە گەلاڵە بوو، کە لەگەڵ دروشمەکانی سەرەتای شۆڕشی چـاردەی گەلاوێژی ١٩٥٨و ساڵانی شەستەکاندا بەراوردم کـرد و هـەڵم سـەنگاند، بـــە پێویســـتم زانـــی مێـــژووی ئـــەو ئەنجوومەنـــە و شـــێوەی کاروبۆچوونەکانیان بخەمە بەردەستی خوێندەواری کورد، تا واقیعیانـە بیری لیٚ بکاتەوە و راستەوخۆ بەپێی بـەراورد و هەڵسـەنگاندنی خـۆی، مێژووی ئەو ئەنجوومەنەی شیکاتەوە.

هەر پاربوو، بەنووسینی کتاوی "درۆیە کاوە زوحاکی نەکوشتووە" خەریك بووم، برادەرێکم سوربوو لەسەر نەنووسینی ئەو کتاوەم، بەدەلیلی ئەوەی بۆ ئەو بابەتە یەشتا زووە و جوانتر وایە جارێك لێیان گەڕێین با هەر وا بزانن.

بەندەیش لام وابوو، کە گەلێك درەنگە و دوو هەزار و حەوسەد و دە ساڵ رەنگە کەم کاتێك نەبێت تا درۆی وا گەورە بەدواخەین.

بەندە لام وایە کاتی ئەوەیش هاتبێت وردەکاری سەردەمی هاتبیٚ، دەوڵەتی ئینگلیز و ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانیو دامەزراندنی دەوڵەتی ئێرانیو بیگرە و بەردەی ئەو حەلەی کوردەیش بخەینە ژێر زەڕەبینەوە، توزەکێك رەفتاری حەکیمانەی "مەلیك فەیسەلی یەکەم" لەگەڵ قیادەی کوردی ئەو حەلەدا تیٚ گەیشتووە، بۆچی "لۆرانسی عەرەب" بەو دڵسۆزییەوە بکوشێت بۆ پەرژەوەندییەکانی عەرەب بە زۆر و بەرەزا ددان بە مافی گەلی عەرەب بهێنێت.

هەر لەو کاتەیدا "مسس بێل" یان "خاتوو بێل" کە هەمان نـەخش و

ڕۆڵی "لـۆرانس"ی هـەبووە بـەدوژمنی مافـە ڕەواکـانی کـورد دابنرێـت؟

ئێمە یەشتا بەو دەردەوە دەناڵێنین... من وادەزانم بێکەسی، نـەزانین،

دەمـارگرژی ئـایینی، بـیروڕای خێڵـەکی سـەرئەنجام نەخوێنـدەواری

هۆکاری یەك سـەدە خـوێن و گریـانو کوشـت و کوشـتار بـووە، سـەیر

لەوەدایە تا ئەوڕۆ وا سەرەتای سەدەی بیسـت و یەکەمـە یەشـتا کـورد

باج و خاوەی ئـەو دەمارگرژییـە بـێ حیسـابانەی دەدا.. کـە لـە مێـژدا

کردوویەتی.

بەتەئکیـد کـاتی ئـەوە هـاتووە رۆشـنبیرانی کـورد چاوپۆشـی لـە


حەقیقـەت نەکـەن و ئـەوی حەقیقەتـە بیخەنـە بەرچـاو، ئەگـەر بکرێـت

هەڵەکان راستکرێتەوە تا ئەم میللەتە لەقۆناغێکـەوە بڕواتـە قۆنـاغێکی

تـــر.. لـــەوەش دڵنیـــام زۆربـــەی زۆری خـــەڵکی کوردســـتان بـــە

خوێندەوارەکانیشەوە رەنگە ئاگـاداری مێـژووی ماسـۆنیەت نـەبن، مـن

ئــەم تەقالایــەم بەرکولاّنــە ئــەنجام داوە لــەوەی دلّنیــام لــەداهاتوودا خوێنــەواری کــورد بەمــەی رازی نابێــت و دەکۆشــێت دەوڵەمەنــدتر لــە "مێژووی ماسۆنیەت" بزانێـتو بـدوێت، بەنـدە هـەر لەئێسـتاوە دەسـت خۆشی لێدەکەم.



# مێژووی ماسۆنیەت

ئەم ناوە، لەدوو وشە پێکهاتووە، ماسۆنەری Massonerieو فران Franc. وشەی یەکەم یانی "ئازاد" و سەرجەم سەرپۆشێکە بۆ چەندان وشەی دیکە.. وەك هاوڕێ، ئایندار، راستگۆ، لەو بابەتە مانایانە، وشەی دووەم ماناکەی هێشتا بەدروستی لێکنەدراوەتەوە و بیروڕای زۆری لەسەرە.

"ئەندرسون" یەکێکە لە بونیادنانەرانی ئەم کۆمەڵە و خەڵکی بەریتانیایە، لەساڵی ١٧٢٣ز چەندان یاسای تایبەتی بۆ ئەم کۆمەڵە داناوە، لای وایە، فەرماسونەری بیروڕایەکی یەکجار کۆنە و سەرەتاکەی بۆ باوکی مرۆڤ حەزرەتی ئادەم دەگەڕێتەوە.. بڕێکی تر، سەرەتای ئەم بیروڕایە هەوارگەکەی بە پەرستگای حەزرەتی سلێمان پەیامبەر

دەزانن، برێکی تر لایان وایە، رازونیازی سەردەمی فیرعەونەکان و هندۆساینە هەرە کۆنەکانە، کەسانێکی تر دەیبەنەوە سەر توێژ و بنەما فەلسەفییەکانی سەردەمی یۆنان و ڕۆمان و بەباتینیەتی ئەو سەردەمەی دەزانن، لەم ڕووەوە مێژوونووسی ئینگلیزی "برنارد چارنز" نووسیویەتیو دەڵێ:

هەر کاروکردەوەیەك نیازی بە ئەندێشە و وردەکاری زانستی هەیە، تا بتوانرێت بەشێوەیەکی پەسەند گەلاڵە بکرێت، بۆ نموونە ساختمان دروستکردنێك سەرەتا تێورەکە، پێویستە لەدواییدا نیاز دەکەوێتە نەخشەسازی، کەرەستە و شێوە و شەمایل دابینکردن تا ئەوەی زانستی "بەسیرەت" چۆنیەتەکە وەدەر دەخات.

"ئەندرسون" لای وایە، ساختمانەکەی حەزرەتی سلێمان، کە لە کتێبە پیرۆزەکاندا باسی لێکراوە کردوویەتە ئەلگوو بەبونیانی سەرەکی

فەرموسیونەری داناوە و ئەو پەرستگایەی کردووەتـە هـەوێنی بـیروڕای سەرەکیی کۆمەڵەکە.

چـیرۆکە ئایینییـەکان دەگێڕنـەوەن کـە کاتێـك حـەزرەتی سـلێمان کەوتە بیری دروستکردنی ئـەو پەرسـتگایە، فـەرمانڕەوای شـاری "تـیر" لـەولاتی فینقیـە وەسـتاکارێکی بـۆ دەنێرێـت بـەناوی "هـیرام" تـا لـە دروسـتکردنی ئـەو پەرسـتگایەدا سـوودی لـێ وەرگرێـت.. هـیرام وەستارکاری مسکاریو فلزکاری بـووە، ئـەو جـۆرە کارانـەش ئـەو دەم وەك رازو نهێنی لەقەڵەم دراوە، کە کاری پەرستگا تەواو دەبێـت پـانزە کەس لەمیعمارەکان پلانو داوێك بۆ "هیرام" دەنەنەوە، تا ئەو رازانـەی بەلایەوەیە پێی ئاشکرا بکەن، لەپێش داوەکەدا دوانزە کەس لەو پانزە کەسـە لەداوەکـە دەکشـێنەوە، تـەنها سـێ کەسـیان لەپیلانەکەیـدا بەردەوام دەبن، لەهەلێکدا "هیرام" بەگیردێننو دەیخەنە ژێر ئـازارەوە،

ئەشکەنجەی دەدەن تا رازی چۆنیەتی بەکاربردنی "مس و فلز"ی پێ ئاشکرا بکەن، هیرام بەرگەی ئەو هەموو ئازار و ئەزیەتەی گرت و ئەوی دەیزانی نەیدرکاند، سەرئەنجام سێ کەسەکە هەر یەکە و گورزێك دەماڵنە سەری "هیرام"دا.. هیرام لەتاودا دەمرێت و لەشەکەی توورڕ دەدەنە ناو چاڵێکەوە لەچیاکانی "مرپاچ"..

حەزرەتی سلێمان ونبوونی هیرام هەست پێدەکات و بۆی دەردەکەوێت پیلانێك لە گۆڕدایە، چەند کەسێکی تەرخان کرد تا هیرام بدۆزنەوە، لەشی هیلام دەدۆزنەوە و هەواڵەکە بەحەزرەتی سلێمان دەگەیەنن، حەزرەتی سلێمان فەرماندەدا تەرمەکەی بۆ ئورشەلیم ببەنەوە و بەپێی رەسمو رەواڵی ئەو دەمە، ئەوەی دەمرد یەکێك لەخزمانی مردووەکە دەستی مردووەکەی دەگرت و ئەژنۆی دەبوا لەڕانی مردووەکە بخشێنێ، کە تەرمەکەیان دەجوڵاند، دەبوا دەستی ئەو خزمەی بەپشتی مردووەکەوە بوایە، فەلسەفەی ئەو رەسم و

ڕەواڵە ئەوەی بووە کە مردووەکە بەرەزامەندی لەجێهانێکەوە دەڕواتە جیهانێکی تر و ئەو رەسم و رەواڵە لەدواییدا بوو بە دیاردەیەکی کەلتووری، کە دەبێت پێنج خاڵی لە لەشی ئوستاد لەمس کرێت.

لەدروستکردنی پەرستگای سلێمان پەیامبەردا ئەوانەی لەوێرا کاریان دەکرد سێ گروپ بوونە:

یەکەم.. ئەوانەی تازەکارن.

دووەم.. ئەوانەی وەستاو بەننا بوونە.

سێیەم.. میعمارەکان.

کاتێك پەرستگا تەواو کراوە ئەوانەی لەوێدا کاریان کردووە بلاوەیان لێکردووە، بڕێکیان ڕۆیشتن بۆ ولاتی روم لەوێرا کۆمەڵەی هونەرمەندانی رومیان دروستکردووە و نهێنی کاروکردەوەو هونەری خۆیان جگە لەدۆستەکانیان نەبێت بەکەسی تر نەوتووە و لەدواییدا

بـیروڕای ئـەو کۆمەڵگایـە لەئـەورووپادا بلاّوبووەتـەوە و کەڵـەپیاوانی ئەورووپا کە داستانی مەزلومیەتی "هیرام"یان دەبیست زار زار دەگریان و خەفەتی ئەوەیان دەخوارد بۆ لـەو سـەردەمەیدا نـەژیان تـا بـەهانای هیرامـەوە بڕۆیشـتنایە، شـوڤالیە ئەوروپایـەکان دەڵـێن: فەرماسـۆنی ئەسـتێرەیەکی پێـنج پـەڕە و شمشـێر و حەمایلیشـی تیادایـە، ئـەوە نیشانەی رەفتار و کرداری شوڤالیەکەرییەو دیارە لە بنەماشـەوە، هـەر شوڤالیەکان دامەزرێنەری سەرەکی فەرماسۆنیەت بوونە.

لەسـەردەمی کۆنـدا چـینی میعمـاران و بەنناسـازان و کارکـەرەکان لەچینی رێزداران ژمێراون، "رنگەنون" لەمبارەوە نووسـیویەتی: "لەبـەر ئەوەی وەستاکارانی کارامە و لێهاتوو لەولاّتە بێگانەکانەوە دەڕۆیشـتنە فەرەنسا و بەریتانیا و لەبەر وەستاکاری و لێـزانین شـاکان و کلێسـا و قەشە دەستڕۆیشتووەکان نیازیان بەهونـەری خوڵقانـدنی ئـەو بیانیانـە بووە تـا کۆشـك و کلێسـا و دەربارەکانیـان بـۆ بسـازێنن و بڕازێننـەوە

بەچـاوی ڕێـز و حورمەتــەوە مامەڵــەیان لەگەڵیانـدا کـردووە و نازنـاوی "بەننای ئازاد"یان پێبەخشیۆنو ناوی فەرماسون ئەوە دەگەیەنێت".

بەلاَم مێژوونووسێکی تر، بەناوی "برنـارد جـۆنز" کـە لەمێـژدا نـاوم هێنا بەپێچـەوانەی "ڕنگـەنون"ەوە دەڵێـت: "بـەننای ئـازاد هـیچ مانـاو مەدلوولێکی نیە و بەنناکان لە کۆت ئازاد نەبوونـە تـا ئـەو ناوەیـان لـێ بنرێتو پێوسـتە لـەریزی کۆیلەکانـدا دەستنیشـان کـراونو لەپاداشـتی دروستکردنی کۆشك و کلێسادا ئازادکراون لەمەنتیقـەوە بـەدوورە و بـە پێچەوانەوە، لەبـەر نیـازی زۆر و هەمیشـەیی بەهونەرەکـەیان پێویسـت بووە هەمیشە وەك کۆیلە بمێننەوە و هونەرەکـەیان نەکەوێتـە دەسـتی خەڵکانێکی تر کە شایستەگی ئەو هونـەرە نـەبن، بـەلاَم ئـەوەی ڕوونو ئاشکرایە کە کرێکاران لەدروستکردنی بنیای ساختمانو کلێسای گەورە و ڕازاوەیدا کاریان کردووە و ماندووبوونە.

مێژوونووس "مزبورمی" دەڵێت: سەندیكای بیناسازان لەبەریتانیادا لەسەر بنەمایەكی دیاریكراو تۆماركراوە، تەنها بڕێكیان لەگەڵ گروپی ئایینییدا هاوكارییان كردووە، ئەوەیش ئەوە ناگەیەنێت تا خاوەنی كۆمەڵگایەكی تایبەتمەند بن و ناسراون بەكۆمەڵەی بەنناكانی ناو شاری لەندەن و ئەو كۆمەڵە لەسەدەی سیانزەهەم و چواردەهەمدا پێكهاتووە، هەروەها "جۆنز" دەڵێت: لەسەدەی دوانزەهەمدا لەبەریتانیادا "بەننای ئازاد" بەكەسێك وتراوە چاوساغی لەكەرەستە و رشتەی هەندەسیدا بووبێت، وەك دەبینرێت پەیكەری مەرمەڕین لەو كاتانەدا زۆر دروستكراون و چینی كاركردەی پەیكەرسازانی مەرمەڕی نەرم لەسەدەی سیانزەو چواردەهەمدا بەربلاوبوەوە لەساڵی ١٦٠٠ز ئەو بەننایانەی كۆلێژی ئوكسفۆردیان دەسازاند بەو ناوەوە شۆرەتیان دەركردووە.

"ژان ژیبل" دەربارەی چۆنیەتی لەولاتی فەرەنسادا هەمان باوەڕی هەیەو دەلێت: وشەی "فران لیە" ئامارژەی بەو مەبەستەیە، یانی بەردی پەسەندی ساختمانی.. کە لەدەوروبەری شاری پاریسدا زۆر وەدیدەکرێت و بڕێکی بنەمای فەرماسیۆنەری بەبرادەرانی خاچی گولێسوور ناونیشان دەکەن، وا زانراوە، "ئەدواردی دووهەم" شای بەریتانیا کۆمەڵەی شوالیەکانی پەرستکای بێزاندووە و ئازاریانی داوە و زیندانی و ئەشکەنجەیانی کردووە و بڕێك لەو شۆڤالیانە لەترسی پاشادا پەنایان بردووەتە مەکۆی بەنناسازان و لە فەرانسایشدا سۆڤالیەکان پەرستگایان ئازارداوە و لەگەڵ کۆمەڵەی بەنایاندا بوونەتە هاوپەیمان و لەژێر سەرپەرشتی "رۆبرت برۆس"دا کەوتوونەتە ململانێو کۆمەڵەی "خاچی سوور"یان پێکهێناوە و دژ بە دەسەلاتی ئیدواردی دووهەم کەوتوونەتە تەقەللاوە و "رۆبرت برۆس" لەبەر ئەوەی

کۆمەڵەی بەنناکان یارمەتیان دابوو بەئەندامی کۆمەڵەی "خاچی کوڕی سور"یان ژمارد.

لەولاشەوە "پیردوکولومبو" وا ناڵێت و لای وایە: وشەی فەرماسۆن لەسەدەکانی ناوەڕاستدا لەسەرتاسەری فەرەنسادا نەبیستراوە، بەڵام برێکی تر دەڵێن: کۆمەڵەی فەرمانسۆن لەشەڕەکانی سەلیبیدا نەخشێکی زۆریان هەبووە و لەو هێرشانەیدا دەوریان هەبووە، فەرماسۆن لەودەمەوە ناسراوەو دەوری سەرەکییان نواندووە بۆ رزگارکردنی "بەیتولموقەدەس" لەدەستی عەرەب و لەبەر ئەوەی لەکارو کردەوەیان دوژمنانیان سەر وەدەر نەیەن بەتایبەت سووریەکانیان بەجاسووس زانیوە.

بۆ پتەوی زۆرتر رەمز و کلیلی رازداریان بۆ کومەڵەکەیان بەکاربردووە، کە ئەو دەستەگیرانە لەپەرستگای سلێمان پەیامبەرە و

وەریان گرتووە، کردویانەتە ئالیەتی کۆمەڵەکەیان، دوای درێژەکێشانی شـــەڕەکانی ســـەلیبی لەشـــاری "ئاســـیکس"ی ئینگلیـــزدا کۆمەڵـــەیان ســـــازاندووە، کاتێـــــك "ئەندرســــۆن ۱۷۳۲ز" یاســـــای بنــــەڕەتی فەرماسیونگەری بونیان دانا، لەوێرا ئاماژەی بەئەنجامـدانی بەنـدەکانی یاسا کردووە و تیایدا دەڵێت:

ئەو کەسەی پابەندی بەندەکانی ئەو یاسایە و تـەرازووی ویـژدان و ئەخلاقیات دەپارێزێت، نەشیاوە لەریزی کافرو بێدیندا بژمێردرێت.. تـا پـێش دانـانی یاسـاکەی "ئەندرسـۆن" فەرماسـۆنەکان لەهـەر وڵاتێکـدا پەیڕەوی لەئایین و کەلتووری ئـەو وڵاتـەیان کـردووە، بـەڵام دوای ئـەو یاسایەی بـیروڕای توندوتیـژی و دەمـارگرژی باووباپیرانیـان توڕداوەتـە لاوە و تێکڕا پابەندی رەوشتی پەسەند و ئەخلاقیاتی شیاو بوونە..

دامـەزراوەی مەسـیحیەت دژ بـە یاسـای ئەندرسـۆن راوەسـتاون و لایان وابووە کە کۆمەڵەی فەرماسۆنی بەعەرەب "ماسۆنیەت" ئـایینێکی نوێیـە و دژ بـە مەسـیحیەت، لەهەوڵدایـە لـەوڵاتی فەرەنسـادا هـەر لەسـەرەتاوە کڵێسـاو دەوڵـەت و خـەڵکی دەمـارگرژ دژ بـەو کۆمەڵەیـە راوەسـتاون، تـا لەسـاڵی ١٧٣٧ز لەلایـەن شـای وەقتـەوە فـەرمانێك دەرچوو بـۆ لـەناوبردنی کۆمـەڵگای فەرماسـونەکانو "کلمـانس" پاپـای دوانزەهەم فەرمانێکی بڵاوکردەوە تیایـدا دەڵێـت: کۆمەڵەیـەکی پشـێو بەناو فرماسۆن دژ بە ئـایینی مەسـیحیەت، هـەروەها دەوڵـەت و خـەڵك لەبرێك لەوڵاتاندا دروستکراوە، رای دەگەیەنێت هەر کەسێکی مەسـیحی ببێتــە ئەنــدام لــەو کۆمەڵەیــەدا بــەلای کڵێســاوە لەمەســیحیەت هەڵگەڕاوەتـەوە و خوێنیشـی حەڵاڵـە، بـەڵام ئـەو بەیانـە توندوتیـژەی ئەوەنـدە کـاری نـەبووە لـە کـردەوەی کۆمەڵـەی ماسـۆنیەتدا، بـەڵکوو بەپێچەوانەوە بووبە هۆی داهێنانی راز و نهـێنی جۆراوجـۆری سەرسـام

ئاوەر و سەرئەنجام زۆرێکی خەڵك کەوتنە خولیای بەئەندامبوون لەو کۆمەڵەیەدا..

برێکی کە لەمێژوونووسان، سوورن لەسەر ئەوەی کۆمەڵەی فەرماسۆنی تەنها لەبەر ئازادکردنی بەنناکان پێکهاتووە و ئەو بیروڕایەی حەوت سەدە لەپێش زاییندا گەلاڵە بووە، لەبەر ئەوەی ئەو سەردەمە لێزانانی بیناسازی و هونەرمەندانی میعماری بەزۆر لەجێگەیەکەوە نێردراون بۆ جێگەی ترو هەر وەك کۆیلە رەفتاریان لەگەڵدا کراوە و بۆ بەدەستهێنانی ئازادی..

هەروەها رازی هونەری کاروکردەوە کۆمەڵەی تایبەتمەندی خۆیان سازاندووە و ئەوەندە سووربوونە لەسەر مافی خۆیانو کۆڵیان نەداوە، سەرئەنجام گەیشتونەتە مەبەست و رازی هونەری خۆیان لەبێگانە پاراستووە لەبەر ئەوەی ئەوکاتانە گەورەترین ساختمانەکان،

پەرستگاکان بووە و بەدوای مەسیحیەتدا کڵێساکان بووە و بەناو کرێکاران شەو و رۆژیان هەر لەشوێنی کاریاندا بەسەر بردووە و بڕێك ئەبزارکاریان " ئامێری ئیش" وەك نیشانەی ئارمەکەیان بەکار بردووە وەك.. ماڵە و سێگۆشە و تەوشی و شاقولیان تیادا وەدەرخستووە، لەلایەکی ترەوە لەوەی دڵنیابوونە دروستکردنی پەرستگایەك یان کڵێسایەك چەندان ساڵ دەکێشێ و ئەوانیش هەر لەوێدا ژیاون و زانیویانە کەس دەردەسەرییان بۆ دروست ناکات هەر لەوێڕا کۆبوونەوەکانیان دەکرد و دەستی یارمەتیان بۆ نیازمەندان درێژ دەکرد و ئەوی کاری پەسەند و خێرخوازی بووە ئەنجامیان داوە.

بەپێی ئەو دیکومینتانەی لەمۆزەخانەی بەریتانیادا پارێزراون وەستا کاران و چاوساغانی هونەر و لێزانان شەوانە هونەرەکانیان فێری کرێکارە تازە پێگەیشتووەکان دەکردو ئەو جۆرە سووربوونە لەسەر شێوەی کار بووبە هۆی پێشکەوتنی میعماری لەئیمپراتۆریەتی

ڕۆمانیدا.. شاری بومبی لەساڵی ٧٩پ. ز بەهۆی تەقینەوەی گرکانی ڤیزوف وێرانکراو بوو بەژێر گڕوخۆڵەمێشەوەو ئەوڕۆکە ئاسەواری لەنزیکی شاری ناپۆلی ئیتالیادا وەدی دەکرێت، دوای وەدەرهێنانی ئەو شارە لەژێر خۆڵەمێشی شاردەوەبوەوە پارچە موزائیکێك بەدەست هاتووە، کە بە کۆنترۆڵ دیکۆمێنت و بەڵگە دەژمێردرێت دەربارەی ئەنجوومەنی فەراموسۆنەکان.. وەك لەپێشدا باسمان کرد ئارمانی ئەو ئەنجوومەنە جگە لەئازادی و سازندەگی و ڕزگاربوون لەکۆیلایەتیو نهێنی پارێزی کۆشاوە دەستی یارمەتی بۆ نیازمەندان و زوڵملێکراوان درێژکا و پەنای لێقەوماوان بدات.

بەندە پێم سەیرە ئەو ئەنجوومەنە خێرخوازییە لەمێژەوە بەوشێوە کاری کردووە و تەواوی میللەتانی جیهان کەم و زۆر ئەندامییان تیادا بووە، کەچی ئێمەی کورد ڕەنگە هەر پێمان نەزانی

بێت و لەم دوادواییەدا ناوی هاتە نێوانەوە و برایانی چەپڕەوگەرای سەر بەیەکێتیی سۆڤێت وەك ڕێکخراوی ئیمپریالیستی خوێنخواری جانەوەر ڕەفتار ناساندیان بەخەڵکی.. وەك وتم ئەنجوومەنی فەرماسۆنی کاری خێری زۆر دەکرد و لەناو خەڵکیدا لایەنگیر و پەیڕەوانی زۆری لەئەوروپادا لەدەور کۆبوەوە، کە هێز و توانای فوئدالیسمە لەئەوروپادا بەرەو کزبوون ڕۆیشت، دەسەڵاتی ئەنجوومەنی فەرماسۆنیش بەرەو کزی ڕۆیشت، چونکە فوئدالەکان کۆشك و قەڵاو ساختمانی گەورە و مەزنیان دەسازاند، ئیدی ئەو توانا و دەسەڵاتەیان وەك پێشوو بەدەستەوە نەمابوو، هەر ئەو بێدەسەڵاتی فوئدالیسمە کە بووبە لاوازی ئەنجوومەنەکە، سیاسەت زانان ئەوەیان بەهەلزانی و ئەو دەستە پاچەیی و لاوازییەی ئەنجوومەنی فەرماسۆنەریان قۆزایەوە و ئەو ئەنجوومەنە پیشەسازیەیان کردە ئەنجوومەنێکی سیاسی و

لەبنــەماوە گۆڕانکارییــان تێــدا ئەنجامــداوە بەشــێوەیەکی تازەبابــەت

ڕێکخراوەکەیان دووبارەسازیی کردەوە.

# لۆژ Loge


وشەی لۆژ بەزمانی فەرەنسی و "هوت" بە ئەڵمانی و "کاسینا" بە زمانی ئیتاڵیایی، بە خانوویەك دەڵێن لەدار یان لەبەرد دروستکرابێت، کە کرێکاران لەبا و باران و تۆفاندا پەنای بۆ دەبەن و تیایدا بحەسێنەوە یان دوانزە تا بیست کرێکاری بەردتاش بتوانن تیایدا کاربکەن.

لەزۆر جێگادا ناوی لۆژ هاتووە، لەشاری "ستراسبۆرگ"دا و لەمۆزەخانەی کارە هونەرییەکانی "نۆتردام"، ساختمانێك هەیە لەسەدەی سیانزەهەمدا دروستکراوە و لەسەدەی چواردەهەمدا دووبارەسازی کراوەتەوە سەرەڕای ئەوە ئارشیڤی لۆژە کۆنەکان

تەلاری (کۆمەڵەی لۆژ) تابلۆیەکی تیادایە ١٦٥٧ز دیاردە و نیشانەکانی بەردتاشەکان کە وەستاکار بوونە تیایدا، بەوردی نەقاشی کراوە. "ژ. دولاوال" لە "تەشریحی" ئۆرایتۆ لە ئیتاڵیادا دەڵێت: خانوویەك لەنزیکی کڵێسایەکەوە هەبوو زۆربەی میعماران و هونەرمەندان و سەنگتاشەکان لەوێڕا کۆدەبوونەوە و تازەکارەکانی خۆیان بەیەکتر نیشاندەدا و لەدواییدا وەك کار ئەنجامیان دەدا، ئەڵبەتە دوای پەنجەمۆری چاوساغانی کۆمەڵە.

لەساڵی ١٥٤٢ز کاتێك میعماران و سەنگتاشەکان بەدروستکردنی کڵێسای "چاخ"ەوە خەریك بوون، ناچار بوون هەر لەوێڕا "لۆژیك، خانوییەك " دروستبکەن بۆ کۆبوونەوەی بازەکان-دیارە لەو سەردەمانەدا کۆمەڵەی فەراماسۆنەری جولآنەوەیان لەژێر چاودێریدا بووە، یاساکانی ئەبەردین ١٦٧٠ز دەربارەی لۆژەکان دەڵێت: یاساغە

لۆژ لەناو خـانووی زینـدەگی خەڵکیـدا هـەبێت دەکـریٚ لـەدەرەوە یـان لەباخچە وجەنگەڵدا بێت، بەڵاٚم ئەگەر باویـاران زۆر بـوو قەیناکـە لـەناو خـانوودا بێـت، بەمـەرجێك بەبەرچـاوەوە نـەبێت و دەنـگ دزە نەکاتـە دەرەوە.



# پەرستگا

زۆر لەمێژوونووسـان پەرسـتگا و لۆژیـان لێکداوەتـەوە و شیکردووەتەوە لەماسیۆنەری ئەوروپیدا زۆر باسـکراوە لـەوەی کامیـان ڕێزدارترە، لۆژ یان پەرستگا؟

بڕێك وایان دادەنا لۆژ هەمان پەرستگایە و هەردووکیان یەك ئاسـت و پلەن.. بڕێکی کە لایان وایە، لۆژ یانی بڕێك لەماسـۆن یـانی ئەنـدامی کۆمەڵەکـە و ئیلالـۆژ مانایـەکی تایبەتمەنـدی نییـە، مەگـەر ئەنـدامێکی تیادا کۆبێتەوە، کە کۆبوونەوە تەواو دەبێت، لۆژیش ماناو مەدلوولێکی نییە..

ئەندامانی فەرماسۆن رەسم و رەواڵی فەرماسۆنەریان لەبەربووە و هیچ بەند و مەرجێك نەنووسراوە بۆ كردنەوەی لۆژ كە بەچی شێوەیەك بكرێتەوە.

لەكۆبوونەوەی ساڵی ١٦٦٣ز مانگی نۆڤەمبەر دوعایەك بڕیاری لەسەر درا، كە ئەندامان بۆ لەمەولا لەسەرەتای كۆبوونەوەكاندا ئەم دوعایە بخوێننەوە.

(ئەی میعماری هەرە گەورەی ئاسمان و زەوی، ئەی ئەوەی كە بەخشندەی گەورەی، ئەوی مەرحەمەتە لەتۆوەیە، تۆ بۆ خۆت پەیمانت داوە ئەگەر دوو یا سێ كەس بەناوی تۆوەوە كۆبوونەوە تۆیش لەناویاندا بیت، ئێمە بەڕاشكاوییەوە داواكارین لەدەرگای رەحمەتت كارو كردەوەمان بكەوێتە بەربارانی رەحمەتت، داواكارین

“روح القدس” بکەیتە ڕێنمامان تا فیکر و زکر و کاروکردەوەمان جێگای پیرۆزیت بێت، تا بەشێوەیەکی شیاو و شایستە لەخزمەتی تۆ دابین.)

“ژان ریڤەر” لای وایە ئەم دوعایە کاتێك تازەکاران کە دێنە مەیدانی سازندەگیەوە بەو دوعاوە دەست پێدەکەن. جا توخوا لەو دوعا و پاڕانەوەیە وردبەرەوە چەندە پڕە لە ترس لە خودا، پڕە لە تەوازووع، پڕە لە خۆشەویستی و سازندەگی.

# سوێند خواردن

ئەندامانی فەرماسۆن هەر لەسەرەتادا دەبێت سوێندی تایبەتی کۆمەڵەکە بخۆن و پەیمانی وەفاداری بەرەسم و رەواڵ و رەوشی کاروبارەکە بنوێنن، "ئۆسلۆئان ١٦٤٠–١٧٢٠ز لەم ڕووەوە نووسیویەتی دەڵێ: "وشەی ماسۆن و ئەوی لێی جوێ بووەتەوە، یان هەرچی بەو بۆنەوە پەیوەندی هەیە، دەبێت وەکوو رازێك بپارێزرێت، نەشیاوە ئەو وشەیە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بنووسیت، ئەوی فەرمانی بەڕێوەبەرەکەتە دەبێ وەك نهێنییەك بپارێزیت و نە بەلای ژن و منداڵ و داروبەردوە باسی نەکەیت".

مافی ئەوەت نییە بەهیچ جۆرێك جگە لەئەندامانی لۆژ یان برادەرێکی ناسراو، بەلای کەسێکی ترەوە لەکاروکردەوە بدوێن ئەرکی

سەرشـــانتە یاســـای کۆمەڵەکـــەمان بپارێزیـــت و ملکەچـــی تـــەواوی

وردەکاریەکانی بیت و لەوەیش دڵنیاین پەروەردگار یارمەتیت دەدا.

ژورژهیك ١٦٧٨ز دەربارەی فەرماسوینەری دەڵێت: ئەندامان وشە و واژەیەك بەكار دەبەن لەیەكتر تێدەگەن و بەوشێوە یـەكتر دەناسـن، ئەوانەی ئاگاداری ئەو وشە و واژە بوونە ئیدی بـێ ئـەوەی نـاوی كـابرا ببەن یا بزانن یەكتر دەناسن و دەبنە جێگەی متمانەی یەكتر، ئەوانـەی تازە دەچنە نێو ئەو كۆمەڵەوە دەبێ سوێندی پاراستنی ئەو زانیارییانە بخۆن كە فێـر دەكـرێن، چـەند بڕیـار و بەنـدێك بـەناوی یاسـای "یۆرگ ١٣٧٠ز" لەوبارەوە بڕیاری لەسـەر دراوەو دەڵێـت: ئـەو بڕیارانـە نابێـت بەنناكان وەك كرێكـار لـەكاروكردەوەی كڵێسـادا دەسـتی تێـوەردەن و پەسەندناكرێن مەگەر هەفتەیەك لەپێشدا كارەكانیان تـاقی كرابێتـەوە، كـــە زانـــرا كـــارزان و وەســـتاكارن ئـــەودەم ئوســـتاد و میعمارەكـــان

پەنجەمۆری شیاوی بۆ دەکەن و لەدواییدا رسمو رەواڵی سوێندخواردن لە حوزوری وەستاکاراندا ئەنجام دەدرێت، دیارە بە ئینجیل سوێندیان خواردووە.

ماریۆس لوپاز دەنووسێت: پێت وانەبێت "ئینجیل" بەسەر مێزەوە دانرێت و کابرا دەستی لەسەر دانابێت و سوێندی خواردبێت، لەسەدەکانی ناوەڕاستدا نەچاپخانە هەبووە، نە بەئاسانی ئینجیلی نووسراو بەدەست دەکەوت، بەڵام دیارە دووراودوور بە ئینجیل سوێندخوراوە.

مارسی H.F دەڵێت: ئەندامی تازەکاری فەرماسۆینەری دەبێت پێنج ساڵ لەژێر چاودێریدا بێت، تا ببێتە ئەندام، کە ماوەی پێنج ساڵ تەواو دەبوو، لۆژ بڕیاری دەدا کە سەردەمی کۆیلایەتی تەواو بووە و بەئازاد لەقەڵەمدەدراو شێوەی سەلامی تایبەتمەندی ئازادەکانیان

هۆکارەدەکرد، دیارە لەسەردەمی کۆنا پلە و پایەی فەراماسۆن تەنها یەك پلە بووە، ئەویش پلەی "هاوڕێ"، فەرەنسییەکان لۆژەکانیان لەلایەن سەرۆکەوە بەڕێوەدەچێت، ئەگەر ئەو سەرۆکە لە لۆژدا نەبێت لەلایەن چاودێرێکەوە لۆژەکە بەڕێوەدەچێت، کە لەلایەن سەرۆکەوە هەڵبژێردراوە، لەساڵی ١٤٦٢ز "تورگو" چەند بەندێکی داناوە لەڕووی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکان، سەرۆك سێ جاران چەکووشی بەسەر مێزدا دەماڵێت و سەرەتای کۆبوونەوە رادەگەیەنێت چاودێر دووجاران چەکووشی بەسەر مێزدا دەدات.

تازەکار زەمان دەخایەنێت تا بگاتە پلەی "هاوڕێ"، هاوڕێ دەبێت وڵاتان گەڕابێت و تاقیکردنەوەی زۆری بەدەست هێنابێت، تا بگاتە پلەی چاودێر.

ئەوی ئاشکرایە، لۆژی سەردەمی کۆن لەگەل ئێستادا جیاوازە، ئەودەم ئایین تێکەلاّوی بیروڕای فەراماسیۆن بووە، ئێستا ئەخلاق و مرۆڤایەتی و کاروکردەوەی باش جێگەی ئایینی گرتووەتەوە.

دوان دەربارەی نەخش و دەوری میعمارەکان لە لۆژەکاندا ئاسان نییە، لەم ڕووەوە "پیرڤیدو کولومبیە" دەلّێت: تا قۆناغی رینسانس میعمار کرێکارێك بووە تا پلەی عومری هەر دەبوایە کاری کردبایە، بەلاّم پلەو پایە و دەرامەتی تایبەتی پێدراوە و لەبڕیارەکانی "بال"دا بڕیاردراوە لەدەستی راستی لۆژدا جێگەیەکی تایبەت دروستبکرێت بۆ ئەوانەی گەیشتوونەتە پلە و پایەی میعمار.

# بەرگ و ئامێرەکان

ئەوەی پلەی بەننایی بەدەست دێنێت پێویستە دیاری دەستکێشی بەتەواوی ئەندامەکانی لۆژ بدات.

لەساڵی ١٣٧٠ز ئەو بەننایەی لەمەراسیمدا سوێندی وەفاداری دەخوارد کە تەواوی مەرجەکانی کۆمەڵە بپارێزێت، دەبوایە بۆ تەواوی کرێکاران بەروانکەی کارودەستکێشی بەدیاری بەکرێکارەکان بداتو لە فەرماسۆنەری ئێستادا هێشتا دەستکێشی سپی بەکار دەبرێتو بەڕوانکەی رازاوەش لەبەر دەکرێت، دەربارەی ئامێرو دەستەگیرەکانی ئەوسا شتێکی ئەوتۆمان بەدەستەوە نییە، بەڵام "کۆلۆمبیە" دەڵێت: تەوشی کە ئامێرێکی پێویستی سەنتاشییە، سێگۆشەیەك، شاقوول، ئەمانەیان لەخۆ دوور نەدەخستەوە.

# پارێزەرانی پیرۆز و چوار کەسە تاجدارەکە

"ژول پۆشە" لەم رووەوە دەڵێت: ئەوەی بەنناو بەردتاشەکانی دەپاراست و پشتگیریی لێدەکردن ئەمانە بوون: سن یلز، سن تۆماس، سن لولی، سن گریگوار، سن مارن، سن مارتن، سن ئاتن، سنت بارب، چوار خاوەن تاج.

مارسی H.F دەڵێت: لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ئەوی داخوازی ئەندامبوون و هاوکاری ئەو کۆمەڵەی دەبوو، دەبوو ئاییینی "کاسولێك" بوایە و بەپێی ئەفسانەیەکی سەردەمی "دیۆکلسین"دا چوار سەنگ تاشی مەسیحی بەنناوی...سور، سورین، کاریوفور و ڤیکتۆرن لەکاتی بەردتاشینی "یانونی"دا شەهید بوونە و ئەو ڕووداوە لەکتاوی "ئەفسانەی زێڕین"دا نووسراوە، دیارە بە فەرمانی "دیۆکلسین" لەژێر

قامچیدا کوژراون و کەس لە شەهامەتی ئەو چوار کەسەی ئاگادار نەبووە، هەتا وەکو کڵێساش ناوی ئەو چوار کەسەی نەزانیوە، تا پێنج کەسی تر بەناوی: کلۆد، کاستۆر، سمفۆرین، نیکۆسترات، سمبیس، کە دوو ساڵ دوای ئەو چوار کەسە کوژراون، کڵێسا کردوویەتە ڕۆژی بیرەوەرییان.

ئەو پێنج کەسە، پەیکەرتاش بوونە، نەڕۆیشتنەتە ژێر فەرمانی "دیۆکلسین" تا پەیکەری بتی بۆ داتاشن، بۆیە لەژێر قامچیدا کوشتوونی، ئەم ڕووداوە لەساڵی ٢٨٢ز ڕوویداوە و ئەو چوار کەسە بە شەهیدی گەورە و تاجدار ناونراون، مێژوونووسێکی کە لای وایە: ئەفسانەی چوار تاجدار لەفەرماسیۆنەری تازەدا بەتایبەت فەرماسیۆنەری، "ئنگلوساکون"دا ڕێزی لێگیراوە و یەکێك لەلۆژەکان بەناوی ئەوانەوە نانراوە ١٨٨٤ز و تەنها جەژنێك لەناو فەرماسۆنەکاندا

هەبێت هەر ئەو مێژووەیە، "چەژنی سەنگ تاشەکانی تولوزی"یانی ئـەو رۆژەیە کە عیسا مەسیح بۆ ئاسمان هەڵکێشراوە. ئەنجوومەنەکە ئـەوە دەردەخات.

سالّی ١٥٩٥ز یەکێك لەیاساکانی "ئێکس" دەڵێت: مـەرجی تازەکـار و وەرگرتنێك بە ئەندام دەبێت شـەش کـەس لـە ئوسـتادانی کـار و دوو تازە بەئەنـدام بـوو لـەلۆژدا پەنجـەمۆری بکـەن، تـا ئـەو کەسـە بـەرەو قـــەبووڵکردن بـــڕوات و ئەوکەســـە دەبێـــت لـــەپرس‌وجۆی خۆیـــدا ســـەرکەوتووبێت و ئاگـــاداری کـــاروکردەوەی خـــۆی بێـــت، ئـــەودەم سوێندبخوات.

دەرکەوتووە شاری لەندەن یەکەمین شاربووە کە بەنناکان پیشەی خۆیـان وەك یاسـا تۆمـارکردووە، لەسـاڵی ١٢٧٤زدا لـۆژێکی گـەورە

لەشـاری ئستراسـبۆرگدا دروسـتبووە و لەشـارەکانی ئـەڵمانیا کـوڵن و ڤیەنادا لەو بابەتە دروستکراوە.

لەســاڵی ١٤٢٥ز لەشــاری ئستراســبۆرگدا چــەندین وەســتاکار کۆبوونەوەیان کردووە و بڕێك بڕیاریان تۆمار کـردووە و ناردوویانـە بـۆ شــارەکانی دوور و نزیــك و بــە لۆژەکانیــان راگەیانــدووە و بــەڵێنی پابەندبوونیان بەو بەندانە داوە، کـە بکۆشـن لەسەرتاسـەری لۆژەکانـدا پابەنـدی بســەلمێنن، لــەو کۆبوونەوەیــەدا چــەندان بڕیــار دراوە وەك ئوستاد و هاوەڵانی سەردەمی کۆن، کەلتووری کـۆن نـویێ دەکەنـەوە و بـەدەروونێکی کـراوەوە لـە "ئستراسـبۆرگ"دا کۆبوونەتـەوەو بڕیاریـان داوە یاسـاکان و بڕیارەکـانی کۆبوونەوەکـە بســەلمێنن و ئەنجوومـەنی "هاوکاری" پێکبهێنن.

(رنەگتون)لـەم رووەوە دەڵێـت: لەکۆنـدا وەسـتاکان دوو دەسـتە بوونە، یەکێکیان لێزانی کۆنەکار و "ئازاد" ئەوی تریـان تازەکـار و کـەم مـەودا، لـەنێوان ئـەو دوو دەسـتەیەدا جێگەیـەك تـەرخان کرابـوو بـۆ پیاوانی ئایینیو بـەپێی رەسـمو رەواڵێکـی تایبەتمەنـد لـە لۆژەکەیانـدا دادەنیشتن، ئەو لۆژانە بەناوی "لۆژەکانی ژاکین" ناو دەبران، ئەندامانی ئەو لۆژانە باوەك هەریەکە بەکارو کردەوەیەکەوە خەریك بوونـە، بـەلاّم بـەناوی "بـەننای عەمـەلی" دەناسـران، بـەلاّم ئەنجوومـەنی ماسـۆنەری "عەمەلی یا نەزەرەی" ئەندامانی فەخری پێکهێناوە.

"مارســـی" H.F بەشــێوەیەکی تــر دەدوێــت: فەرماســۆنەری کاروکردەوەیەکی سنووورداری ئایینی مەسیحیەت بـووە، بـەلاّم لەسـاڵی ١٧١٧زدا ئەو ئەنجوومەنە روو بەنەمان دەڕۆیشـت، کـە لـۆژی گـەورەی شاری لەنـدەن دروسـتکرا، بـووە هـۆی بـەربلاّوی فیکـری فەراماسـۆنی لەتەواوی دنیادا.

# لەبەننای عەمەلیەوە بۆ فەراماسۆنەری

وەك لەپێشدا وتمان، دیكۆمینتێكی وامان بەدەستەوە نییە، دژوارە بتـوانین مێـژووی راسـتەقینەی "بـەننای عەمـەلی" بەدەسـت بهێـنین، بەتایبەت هی سەردەمی كۆن.

لەسـاڵی ١٧١٧ز نـاكۆكی كەوتــە نــاو چـوارلۆژەوە، سـەرئەنجام لەشـاری لەنـدەن لـۆژی گـەورە پێكهـات، زانیاریمـان بەدەسـت هێنـاو لـەدوادوای سـەدەی پانزەهەمـدا كەسـانێك كـاروكردەوەی بـەننایان هەبووە و لەلۆژی بەنناكاندا دەستنیشان كراون، بـەڵام نـەمانزانیوە بـۆ برێك لەكاروباری بەننای بێگانە بوونە و لە لۆژی بەننایانـدا دانیشـتوون و كـەی ئەوانـە وەك "بـەننا" ناسـراون؟ ئایـا لەبـەر ئـەوەی بـووە

لەکەسایەتییان سوود وەرگرن بۆ ئەنجوومەن یان سەردەمێکی تەرازان و بیّ بەرنامەیی و بەرەلاّیی لەئەنجوومەندا بووە؟

وەلاّمی ئەو پرسیارانە، ئاسان نییە، بەلاّم لەو سەردەمەدا ئەنجوومەنی فەراماسۆن گەلێك زەبوون و بێچارە بوونەو بەناوی دەرودەروازەیان بۆ ئەو کەسایەتیانەی کە لەکلێّسادا دورخراونەتەوە کردووەتەوە و بە ئەندام قەبوولکراون.

دیارە لەو سەردەمەدا چەندان ئەنجوومەنی وابەستە بەکلێّسا لەڕووی حیساباتێکەوە لە کلێّساوە دوورخراونەتەوە و لەحەقیقەتدا وەك قوربانی دادگاکانی شەرعی مەسیحیەت دەناسران لەئەنجوومەنی فراماسۆنەریدا قەبولکراون وەك: تامپلەکان، روزکراوەکانو کاتارەکان و بڕێکی تر، دیارە لەو لۆژانەدا ئازادی دراوە بە بیروڕای جۆراوجۆر.

“گوبلە” لەم ڕووەوە نووسیویەتی: ئەو ئەندامانە زۆرتر لە ئەفسەرە گەورەکان، خاوەن موڵکە ناسراوەکان، پیاوانی ئایینی گەورەی دوورخراوە بوونە، کە ئەنجوومەنی فەراماسۆنەری سوودی لەبوونیان وەرگرتووە.

# پێکهێنانی لۆژی گەورە لە لەندەن

تا ئێستا نەزانراوە بۆ لەوکاتەدا ئەو لۆژە دروستکراوە ئەندرسۆن یاسادانەری لۆژی گەورەی لەم ڕووەوە جۆرجی یەکەم کە بۆتە شا لەشاری لەندەنەوە دووربووە، لە رۆژی ٢٠ مانگی ئەلولس ١٧١٧ز گەیشتووەتە لەندەن، ئەو لۆژانەی لەناوشاری لەندەندا بوون نیازیان بەپشتیوانی بەهێز توانا پەیدا کرد و "سێرکیستوفرون" پیاوێکی لاواز و کەم توانا و ناشایستە بوو، شای تازە نەك تەنها ئەندامی فەراماسۆنەری نەبوو بەڵکو زمانی ولاتەکەی خۆی نەدەزانی ئەنجوومەن کەوتەبیرەوە لۆژەکان.

یەکێکیان لەمەیخانەی کەبابی قاز. ئـەویتریان لەمەیخانـەی بـادە و تــرێ. یــەکێکی تریــان لەمەیخانــەی درەخــتی ســێو. ئــەوی تریــان لەمەیخانەی تاج.

ئــەو لۆژانــە لەشــاری لەندەنــدا پێکهــاتن و لەگــەڵ یەکـدا کەوتنــە تەقەللاوە و بڕیاریاندا ئەنجوومەنێکی تێکەڵاو بەسـەرۆکایەتی پیرتـرین سەرۆکی لۆژەکان پێکبهێنن و لە یەکەمین کۆبوونەوەدا کە ناسراوە بـە لۆژی بڕیاران لەسەر ئەمانەی خوارەوە داوە:

یەکەم: هەموو سێ مانگێك لەگەڵ ئەفسەرەکانی لۆژدا پەیوەندییان هەبێت.

دووەم: لەچــەژنەکانی ســاڵدا پێکــەوە کۆبوونــەوەو یــەك کــەس لەناوخۆدا بە "مامۆستای گەورە" هەڵبژێرن..

ڕۆژی سان ژان کۆمەڵێك لە ماسۆنیەکان ئەوانەی بەشێوەی فەخری بوونەتە ئەندام لەحەوشی کلێسای "سان پـۆل"دا کۆببنـەوە بەشـێوەی دەستبەرزکردنەوە میرزادەیەکیان هەڵبژارد بۆ پلەی مامۆستای گەروە، بەناوی "ئـەنتۆنی سـایەر"ەوە، سـەرۆکە پـیرە هەڵبژێراوەکـەی پێشـوو جێگەی بۆ ئەو میرزادەیە چـۆڵ کـرد و ئـەوەی لـەوێ بـوو پێرۆزباییـان لەمامۆستای گەورە و تازە کرد.

مێژوونووسێکی تر بەناوی "جونز" لەم ڕووەوە نووسیویەتی: لـۆژی گەورە لە لەندەندا بۆماوەی سێ ساڵ بێهەراو دەنگەدەنگ بەڕێوەچوو، بەڵام لەدواییدا کەوتە تەقەلایەکی بەربڵاو، ئەو چوار لۆژە ژمارەیان بوو بەحەفتا و چوار لۆژ، پەنجا لۆژیان تەنها لەناو شاری لەندەنـدا بـوون و ئـەوانی دیکـە لەشـارەکانی کـەدا پێکهـاتبوون و بـۆ ئاگـاداری لـەو سەردەمەدا لەوڵاتی فەرەنسـادا تـەنها یـەك لـۆژ پێـك هـاتبوو، لەسـاڵی ١٧٣٥زدا لەشـاری پاریسـدا ژمـارەی لـۆژ بـوو بەحـەوت و لەوکاتـەدا

لۆژەکانی فەرەنسا داوایان لە لۆژی گەورەی لەندەن کرد تا ماوەیان پێ بدرێت راستەوخۆ بۆ خۆیان لۆژ دروستبکەن و لەساڵی ١٧٤٣زدا ئەوماوە دراوەتە لۆژی پاریس تا راستەوخۆ لۆژی تازە بسازێنێت.

زۆری نەکێشاوە لۆژەکانی فەرانساوی بێزارییان دەرخستووە لەژێر چاودێریی لۆژەکانی لەندەندا، سەرەنجام لەساڵی ١٧٥٥ز لۆژی گەورەی فەرەنسا سەربەخۆیی بەدەستهێناوە و سێ کەسایەتیی کارامەی ئەنجوومەنی فەراماسیۆنەری لەمێژووی ئەو ئەنجوومەنەیدا کاری بوونە کە هەریەك لە: ١. ئەندرسن.. ٢دراکولیە.. ٣شوڤالپەرامس بوونە.

"ئوالدریت" لەم رووەوە نووسیویەتی دەڵێ:

لەساڵی ١٧٢٣ز کە حەوت ساڵ بوو لۆژی گەورەی لەندەن پێکهاتبوو کتاوی "یاسای بنەڕەتی" دەرهاتو بەپێی بەندەکانی ئەو

یاســـانامەیە ئەنجوومـــەنی فەراماســـیۆنەری وەك ئەنجوومـــەنێكی پـــەروەردەی جیهـــانی بـــەدنیا ناســـرا. ئـــەو ئەنجوومەنـــە پـــای لەســـەر بنەماكانی مرۆڤایەتی داگرتووە دوور لە دەمارگرژی رەگەز و ئایین، یان بیروڕای كۆمەڵایەتی، سیاسـی، كـەلتووری و بووەتـە هـۆی پەیوەنـدیی نێوانی گەلانی دوور و نزیك.

دەربارەی خودا و ئایین كابرایەكی ماسۆنی بەپێی كەسایەتی خۆی ناچـارە پـەیڕەوی یاســاو ئـەخلاق بێـت، ئەگـەر بەباشـی هونـەری ماسۆنیەتی هەلاجی كردبێت، هەرگیز بیروڕای خوانەناسی "مولحیدی" و بێ بەندو باری نابێتو لەویژدانەوە دوور ناكەوێتەوە.

"ژابورد" لەم رووەوە دەنووسێت:

بـــەهۆی تەقـــەلای وەســـتاكاران و لێزانـــانی ماســـۆنی شـــانازییەك بەدەست هاتووە، لەسـالّی ١٧١٧ز بـە رابـەری "دزاكولیـد" شـێوەیەكی

تــازەی فەرماســۆنەری دابنێــت کــە لەتــەواوی دنیــادا دەنگبداتــەوە و پەیڕەوانی لێ گلێر بێتەوە.

"رنەگتون" دژ بە بیروڕای "ئەندرسۆن دزاکولیە" بـووە، لای وابـووە ئەنجوومـەنی فەراماسـۆنەری نابێـت دەروازەکـانی بـۆ گـەلان و ئـایینی جۆراوجۆری تر ئاوەڵاکرێتـەوە، لـەم ڕووەوە دەڵـێ: هـۆی لەدەسـتدانی جێگا و شوێنی ئەنجوومەن لەڕووی نەتەوایەتیەوە، دەگەڕێتەوە بۆ دوو قەشـە بـەناوی "ئەندرسـۆن و دزاکولیـە" کـە بـیروڕای لـۆژی گـەورەیان ئــەنجام داوە ســاڵی ١٧٢٣ز و ئــەوان بــوون ئــەوەی مــەدرەکی کــۆنی ئەنجوومەن هەیە هـەموویان لـەناوبردووە، تـا خەڵکەکـە ئاگـاداری ئـەو گۆڕانکارییــە نــەبن وەك: پاپەنــدبوون بــەخودا، بەکڵێســا و بەشــای مەملەکەت.

“ئەندریە میشیل دوراسیٚ” یەکێکە لەبونیادنەرانی فەراماسۆنەری تازەی نێودەوڵەتی دەڵێت:

“رامسی” ئەو کەسەیە کە سازندەی گەورەترین دیکۆمینتە لە مێژووی فەراماسۆنەریدا، ئەو لە “خوتبە”کەیدا کە تیایدا زۆر بەتوانا و زەبردەست بووە دەربارەی فەراماسۆنەری لە ١٧٣٧ز دا بەزمانی فەرەنساوی‌و لەوێرا بەرنامەیەکی نوێگەرایی خستۆتەڕوو، لەوێرا ئەوەی بۆچوونی چوارچێوەداری کۆن و عەقڵی بەسەرچووی زەمانی رابردوو هەیە خستویەتە لاوە و بەپێی بیروڕای ئەوڕۆیانە برێك کەلتووری کۆنی بەریتانیای تازەکردۆتەوە و ئەو بووە توانیویە بەرنامەی تازەی ئابووری‌و مەعنەوی نویٚ بکاتەوە و بخاتەڕوو، ئەو لای وابووە مەبەستی ماسۆنی تەنها بۆ سەدەی هەژدەهەم نییە، بەڵکو ئومێدی تەواوی میللەتانە جەمهوریەتێکی گەورە و بەربلاْو لەتەواوی دنیادا هەر میللەتێك خێزانێکە لەم ئەنجوومەنە، ئێمە مەبەستی گەورەی ئینسانی

لەئاسـتی جیهانـدا ئامانجمانـە، ئێمـە دەکۆشـین رۆشـنبیرانی جیهـان، کەسایەتی هەڵبژاردە، لێزانـانی هونەرەجوانـەکان بکەینـە دەسـتەگیرە لـەپێناوی مرۆڤایەتیـدا، زانـینی زۆرتـر، بـۆ زانسـت و ئـایین و لەگـەڵ یەکتردا کۆدەبنـەوە، تـا سـوودی شەخسـی تووڕدەینـە لاوە و بتـوانین زۆرتر خزمەتی خەڵك بکەین، مرۆڤ بۆ ئێمە گرنگـە، دۆسـتایەتیی نێـوان میللەتان مەبەستمانە، خۆشەویستیی نێو گەلان ئامانجمانە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت هەر کەسە وڵاتی خۆی لـەبیر بکـاو فەرامۆشـی بکـات، ئێمـە دەکۆشین یەکێتیی دڵو دەروون لەنێو گەلاندا پەرە پـێ بـدەین، کـاتی ئـەوە هـاتووە هـاودەردی نیشـان بـدەین دەربـارەی باپیرانمـان، ئێمـە لەئاســـــتی سەرتاســـــەری جیهانـــــدا بیردەکەینـــــەوە، دەبێـــــت ئەنجوومەنەکەمان جیهانگێری جیهانپۆشـانە بیرکاتـەوە، ئەگـەر رۆحـی لەخۆبوردن لەنێواندا پتەوبکرێت، زنجیرەی پەیوەندی لـەناو میللـەتانی دوور و نزیکدا بەهێز دەبێت و میللەتێکی بەهێز لەجیهاندا دێتەکایەوە:

"راسی" هەر لەم ڕووەوە دەڵێت: ئەم ئەنجوومەنە کە ناسراوە بە فەراماسۆنەری لەکۆنەوە هەبووە لەسەر زەوی پیرۆزدا "بیت المقدس"دا شاکانمان، میرزادەکان، لۆژیان دروستکردووە کە گەڕاونەتەوە لەوکارەدا بەردەوامبوونە، لەدوای شەڕەکانی سەلیبی لەئیتاڵیا، ئەڵمانیا ئیسپانیا، فەرەنسا، لۆژی جۆراوجۆریان سازاندووە، هەتاوەکوو "ئیدواردی سێهەم" شای بەریتانیا ئەندامی ئەنجوومەنی ماسیۆنی بووە و پاڵپشتی زۆری لەئەنجوومەنەکەمان کردووە.

"کەمانی شاهانە" پلەیەکی گەورەی ماسۆنیەتە لەساڵی ١٧٢٨ز لەلایەن "رامسی"ەوە داهاتووە و بووەتە باو

# پلەوپایەی ماسۆنیەت

لەسەدەی هەژدەهەمدا چۆنیەتی پلە و مەقام لەماسۆنیەتدا دەستنیشانکرا، کە زۆرتر لەیاسای "ئێکس"ەوە وەرگیرابوو، سەرەتا ٢٥ پلەبوو، دوایی کراوەتە ٣٢ پلە، "سەدەی نۆزدەهەم" لەدواییدا بووە بە ٣٣ پلە، ئەو مەقام و پلانە جگە لەمەقامی یەکەم و دووهەم لەچینی بەنناکان هەڵبژێردراون، لەسەدەی هەژدەهەمدا مەقامی ئوستادی دووجۆر بووە، یەکێکیان "وەستای سادە" و دووهەمی "وەستای ئیکسی" و ئەوانی تریان بەبەننا ناودەبران یان کرێکار و کەسانێکی دوور لەکاری بەننایی و هونەریش بەئەندام یان لایەنگیر وەردەگیران، هاوکاران لەژێر چاودێری وەستاکاردا کاریان دەکردو ئەودەمە وەستاکار بەپلە نەدەناسرا، بەڵکوو وەك پیشە ناودەبراو

چاودێر بەپێی ئەو بەڵگانەی بەدەست هاتووە دەرکەوتووە لەمانگی مەی ساڵی ١٧٢٥زدا لۆژیك پێکهاتووە کە کۆدەبوونەوە ناوی چوار کەسایەتییان دەبرد، یەکەم: هاوکار، دوو کەس بەناوی وەستا و یەکێکیش بەناوی وەستاو هاوکار، بەلاّم لەسالاّنی ١٧٢٦–١٧٣٠ لە لۆژەکانی تردا ناوی سێ کەسیان بردووە: شاگرد، هاوکار، وەستا، لەساڵی ١٧٣١ لەژمارەی ٧١ لەشاری لەندەندا بڕیاردراوە شاگرد ئەگەر توانی شایستەگی وەردەخات دەتوانێ پلەی هاوکار بەدەست بهێنێت.

وە هەر تازەکار و داواکاری هاوکاری ئەنجوومەن دەبێت لەپێشدا پێنج شلنگ وەك ئابوونە بداتە ئەنجوومەن.

پلەی سێیەم بڕێك لەلۆژەکان دانیان پیادا نەدەنا ئەو بڕیارەی لۆژی لەندەن چەندان ساڵ لەپێش ئەواندا بڕیاری لەسەردابوو، بەلاّم زۆری نەخایاندووە لەتەواوی ئەوروپادا بەوکارە هەستاون بەپێی وتەی

"رامسی" له لۆژەکانی ئیکسدا سەد پله و مەقام هەبووە "وەستای ئێکس" شۆڤالیەتی پەرەستگاو تازەکار لەساڵی ١٧٣٢دا مەقامێکی سازاندووە بەناوی "کەمانی سەلتەنەتی" ئەم چوار مەقامە بەپله و پایەی سەرەکی دەژمێردرێن و هەر یەك لەوچوارە پەلوپۆی جۆراوجۆری چۆنیەتیی کاری لیٚ جویٚبووەتەوە.

دەربارەی مەقامی لۆژەکان "سان ئەندەرو ئەدیمبورك" نامەیەکی دوورودرێژیان نووسیوە و "رامسی" ئەو نامەیەی بردووە بۆ "پارس" و لەونامەیەدا ئەوەی پله و مەقامی هەبووە ناوی تیانووسراوە، لەساڵی ١٧٤٣ کاتێك لۆژی لیون لەسەر ئەو نامەیە پلەی "هەڵبژاردەی بچووك" بووە بەمەقامێك له لۆژدا و له دواییدا پەل‌وپۆ لەو مەقامە تازەیە جویٚ بۆتەوە وەك هەڵبژاردەی نۆ کەسی یان هەڵبژاردەی پانزە نەفەری یان شۆڤالیەتی بەرەبەیان، یان "بەرپرسی هەرەگەورە" و ئەورۆ

پلەومەقامی ئەنجوومەنی ماسۆنی لە سیوسێ پلـەو مـەقام پێکهـاتووە وەك:

١. شاگرد.

٢. هاوکار.

٣. وەستا.

٤. وەستای رازدار.

٥. وەستای تەواو.

٦. سکرتێری رازدار.

٧. قازی.

٨. چاودێری ساختمان.

٩. وەستای هەڵبژاردەی نۆ بەشە.

١٠. هەڵبژاردەی پانزەی بەشە.

١١. شوڤالیەتی هەڵبژاردە.

١٢. وەستای میعماری گەورە.

١٣. شوڤالیەتی کەمانی سەڵتەنەتی.

١٤. بەننای پایە بەرز.

١٥. شوڤالیەتی رۆژهەڵات.

١٦. شازادەی بەیتولمەقدس.

١٧. شوڤالیەتی رۆژهەڵاتو رۆژئاوا.

١٨. شازادەی خاچی گوڵی سور.

١٩. مەلای گەورە.

٢٠. خانو مامۆستای گەورەی تەواوی لۆژەکان.

٢١. شوڤالیەتی نەمساوی.

٢٢. شازادەی لوبنانی.

٢٣. شازادەی دەوار.

٢٤. سەرۆکی دەوار.

٢٥. شازادەی ماری برونزی.

٢٦. شازادەی میرسی.

٢٧. فەرماندەی گەورەی پەرستگا.

٢٨. شوڤالیەتی هەتاو.

٢٩. ئکسی گەورەی ئەندەر.

٣٠. شوڤالیەتی شاهێنی رەش‌و سپی.

٣١. لێپرسراوی گەورە.

٣٢. شازادەی پایە بەرزی رازدار.

٣٣. راوێژکاری گەروە.

ئەو پلەو مەقامانە ناسراون بەتەقسیم بەندی "سیستەمی ئیکسی" بەدوو بەش دابەشکراون، یەکەم: لەچوارەم‌و تا چواردەهەم ناوەکانی لەتەوراتەوە وەرگیراوە، بەتایبەت "کابال"ی یەهودی و بڕێکی تر لەو مەقامانە لەکەلتووری ئێرانی و میسری وەرگیراون بۆ نموونە پلەی نۆهەم کە

ئارمێکە شێرێك لەگەڵ پڵنگدایە و دەروازەی ئەشکەوتێك دەپارێزن، ئەگەر چی ئەو دوو جانەوەرە نیشانەی دڕندەیین، بەلاّم وەك سومبولی "ست"ی میسری ناسراون، کە براو بکوژی "ئوزریس" بووە، ئەو پلەو پایەکانی تر زۆرتر لەرەفتاری قارەمانیەتی سەردەمی شوڤالیەتیە گەورەیەوە وەرگیراوە، وەك زانراوە یەکەمین کەسێك ئەو مەقامەی پێشنیار کردووە، "شارڵ مارتل" بووە، کە ئەو کەسە لەدنیای ماسۆنیەتدا پەنجەی بۆ درێژ دەکرێت و لە زۆر بابەتەوە ناودەبرێتو دواپلەی شوڤالیە لەساڵی ١٤٤٨ لەلایەن "رنە"ەوە دانراوە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، هەر شوڤالیەکی ناسراو بۆی هەبووە رەوشت و رەفتاری شوڤالیەگەری بەتازەکاران یاد بدا.

ئارمی پلەی "شوڤالیەی نەمساوی" مانگێکی زیوینە لەبەر ئەوەی کۆبوونەوەی ئەو لوژە لەبەر تیشکی مانگ ئەنجام دەدرا، هەروەها مەقامو پلەی ١٨، ٢٦، ٢٨، ٢٩، ٣٠ زۆر لەپلە و پایەی شوڤالیەوە نزیکن.

## ماسۆنیەت و شۆڕشی گەورەی فەرەنسە ١٧٨٩-١٨٠٤

شۆڕشی فەرەنسە زۆر بیروڕای یاسا و بۆچوونی لەبنەوە هەڵتەکاندووە، ئەگەر لامان وابێت چاوساغانی ماسۆنیەت ئەو شۆڕشەیان پێکهێناوە وتەی بێ مەعنا و هەڵەیە، بەلاّم ئەوە روونە ئەنجوومەنی ماسۆنیەت زۆر بیروڕای ئەوروپای گۆڕیوەو ئەنجوومەنێکی بەکار گرنگ و کاریگەر بووە.

لەساڵی ١٧٨٨ یەکێك لەئەندامانی بیانی پرسیارێ لەوەستاکار دەکاو ئەویش وەلاّمی دەداتەوە:

١. بیروڕای تۆ دەربارەی ئەم ئاشوفتە بازاڕییەی وا ولاّتی هەژاندووە چییە؟

وەلاَم: ئەگـەر بتانـەوێ دەوای دەردی ئـەم هـەراو بەزمـە بـەلای ماسۆنیەتەوە بێت، ئەمە بیروبۆچوونی کرچوکاڵە.

٢. ئەگەر شا فـەرمان بـدات ئێمـەی ماسـۆنی چـەك هـەلگرین و دژ بـە هاولاَتیان بکەوینە شەڕ، لەم ڕووەوە تۆ چی دەلێیت؟

وەلاَم: من بێ یەك و دوو لەم ئەنجوومەنە دەڕۆمە دەرەوە.

لەسـالی ١٧٩٠ لـەڕێورەسمی وەرگـرتنی تـازە ئەنـدامێك لـە لـوژی "سەرەتای ئازاد" وەستای گەورە وتویەتی:

لـەنێو بنەماڵـەی ماسـۆنیەتدا چـینایەتی وەدی ناکرێـت، هـەموو ئێمـەی ماسـۆنی وەك یـەکین و بەرانبـەرین و ئـەوڕۆ وا هـەراو بـەزمی نـەمانی یاسـای چـینایەتی کەوتۆتـە سـەردەمی ئێمـەی ماسـۆنی لەدێرزەمانەوە ئارمانجمان وابووە.

لەساڵی ١٧٨٩دا، یەکێك لەنوێنەرانی پەرلـەمان دەڵێـت: پەرلـەمان باوەك ماسۆنییەکان رەفتار بکا و بەرژەوەندیی میللەت بکاتە ئارمان و لەهیچ هێز و بۆچوونێکی دژ بـەو بـیرە نەترسـن ئەگـەر واکـەن تـەواوی گەلمان لەگەڵدا دەبێت.

ماسۆنیەت لەئەوروپادا کەوتە بیروبۆچوونی ئەفکاری فەلسەفییەوە بەتایبەت لەولاٌتی فەرەنسادا، ئاوا بۆچـوونێك لـەبونیانی ماسـۆنیەتەوە بـــەدوور بـــووە، بـــەلاٌم لـــەو رێگـــەوە توانییـــان تۆڵـــەی خۆیـــان لـــە کەللەوشکەکانی کلێسا بکەنەوە.

شۆڕشی گەورە لەفەرەنسا ١٧٨٩ بـۆ مـاوەی بیسـت و پێـنج سـاڵ توانی زۆر جێگە و شوێن بگرێتەوە و بیروڕای دەسەلاٌتی ئایین و کلێسـا بڕوخێنێت.

# ئارم و دیاردەی شۆڕشگێڕان

لەپاییزی ساڵی ١٧٩٣ بیرو ئەندێشەی دژە کڵێسا و ئایین بووبووە باو و رۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان زۆرتر لەناو ئەنجوومەنی ماسۆنیدا بوون، کەوتنە بیرەوە ئارمێك پێکبهێنن کە لەگەڵ ئارمی ماسۆنیەتی "ئیکسی"دا بگونجێ، ئەمە لەکاتێکدا بووە بیروڕای شۆڕشگێڕانە بەرەو دامرکاندنەوە دەڕۆیشت، بەڵام ئارمی ماسۆنیەت زۆرتر لەناو سوپادا دەبینرا.

لەساڵی ١٧٧٩ رۆژی ٣١ مانگی ئەیلوول، دیارییەك بەلوئی شانزەهەم پێشکەش کرا، ئەو دیارییە دیاردەی ماسۆنیەت بووە و وادەردەکەوێ کە "لوئی" بۆ خۆی ئەندامی ماسۆنی بووە، ئەگینا بۆ ئاوا دیارییەك قەبووڵ بکات، "مەکتەبی مارس" بۆ خۆی جلوبەرگی

تایبەتمەندی هەبووە، پشتوێن و حەمایلی چەرمی رەش و وشەی "ئازادی، یەکسانی" بە خەتی زەرد لەسەر چەرمەکە نووسرابوو، نەخش و نیگاری برۆنزی بەسەر ئەو چەرمەوە دەچەسپێنرا کە بە ئارمی "شازادەی گوڵی سور" دەناسرا، بۆ چەژنی فیدراسیۆن رۆژی چواردەی گەلاوێژ ١٧٩٠، ئەم دروشمانە وتراون:

–لۆژی ئازادی لەتەقەلادابە.

–زۆرداران پەرێشانن و غەمگین.

–ئەی میللەتان بزانن ئێوە هەموان بران و ئەو دروشمە ئێمە شاد دەکات.

# تاقی پۆڵایین

بۆ ئەو سیوسیٚ پلە و مەقامە پانزە دەست جلوبەرگی تایبەت دووراوە، هەر یەك لەو جلوبەرگانە دیاردەی سەیری خۆی هەیە، بێگومان ئەو دیاردانە لەقووڵایی مێژووەوە وەرگیراون.

لۆژی ئەسکوتلەندە هەموویان شمشێرهەڵگرن، کاتێك میوانێك دێت لەدوو ریزدا رادەوەستن و شمشێرەکانیان هەڵدەکێشن و رووبەڕووی یەك بەرزی دەکەنە و ڕاڕەوێکی شمشێری پێکدێنن، کە وەك تاقێکی پۆڵایینە.

# فردریکی گەورە

لەپێش ئەوەی ببێتە شای بروسیا ئەنجوومەنی ماسۆنی دەبێزاند و لەبەر ئەوەی ئەو خۆی بەدوژمنی بیروڕای دواکەوتووانە دەزانی و ئەنجوومەنی ماسۆنی بەئەنجوومەنێکی خەرافاتی دادەنا و گاڵتەی پێدەکردن، بەلاّم لەساڵی ١٧٣٨ ئەو دەم وەلیعەهدبووە، بۆ شاری برنسویك دەڕوا بەبێ پێشەکی ئەندامبوون لەو ئەنجوومەنەدا قەبووڵ دەکاو رەسمو رەواڵی بەئەندام بوونی بۆ پیادە دەکەن و ئەندامبوونی فەرەدریك بوو بە هۆی گۆڕانکاری زۆر لەئەوروپا بەتایبەت لەئەڵمانیادا.

# ئینسكلۆپیدیا و ماسۆنیەت

ئــەوەی دەزانــین كــە پێشــقەڕوڵانی دانــانی دائیرەتولمــەعاریف لــە فەرەنسادا، دیدرەو، دالامپــەر، كندروســەبوون، بــەلاَم بــەپێی وتــەكانی "رامســی" وا بــاوە فیكــری دانــانی دائــیرە تولمــەعاریف ئەنجوومــەنی ماسۆنی بووەو ئەوان پولو پارەیـان كۆكردوتـەوەو دیـدرەو، دالامپـەر، ئولبـاخ ئەوانـەیان بـە برادەرانـی ئەنجوومـەن دانـاوە، "رامسـی" داوای لەمامۆستا گەورەكان كردووە، تا زانیـاری دەربـارەی میللـەتان بـەكارو كردەوەیەكی گرنگ بزانن و ئەو فەرهەنگە بەزانیاری بڕازێنرێتەوە، هەر ئــەو بــوو داوای لــە ســەردەمدارانی "گرانــد ئوریــان" كــرد، تــا یارمــەتی لەدایكبوونی ئەو كارە رۆشنبیرییە بكەن، دیدەرو بۆ خۆی یەكێك بــووە لەئەنــدامانی كۆمەڵــەی ماســۆنیو كۆمەڵــەی "گرانــد ئوریــان" دەســتی

یارمەتییان بۆ درێژکردووە و بەشێکی ئەو فەرهەنگە لە چاپ درا، سەیریان کرد کەوا دژ بەکڵێسا زۆر شتی تیادایە کڵێسا دەوڵەتی ناچار کرد تا کاری دەرهێنانی دائیرەتولمەعاریف رابگرن، برێك لایان وایە چاوساغانی ماسۆنیەت شۆڕشی فەرەنسا و دائیرەتولمەعاریفیان پێکهێناوە.

لەساڵی ١٩٠٤ "بریند" ناوێك لەکۆمەڵەی "گراند ئوریان" لەشاری پاریسدا وتوویەتی کاری وەبەرهەمهێنانی دائیرەتولمەعاریف هی برادەرانی ئێمەیە و ئێمە بوینە وشەی رایەتی و یەکسانی هەتا وەکوو لەزەمانی دیکتاتۆرەکانیشدا کردوومانەتە دروشم و ئارمانی خۆمان و ئەو دروشمانە بوونەتە هۆی بنەمای سەرەکیی شۆڕشی گەلی فەرەنسا، ئەندامانی کۆمەڵەی ئێمە وەك: ڤۆڵتێر، دیدرەو، دالامیر، کندرسە، ئەوانە بوونە پێشقەڕەوڵی گۆڕانکاریی کۆمەلایەتی و فیکری

تێکڕای خەڵك و دائیرەتولمەعاریفیان هێنایە کایەوە، قـەڵای باسـتیلیان

هەروژاند و بنـەمای مافی مرۆڤیان دانا.

# ماسۆنیەت و ناپلیۆن بۆنابەرت

دژایەتی کڵێسای کاسۆلیك یەکێك بووە کە دوولا هەیانبووە و بۆی کۆشاون، ناپلیۆن کۆشا ئەو ئەنجوومەنە جۆرێك لێ بکات تا پەیڕەوی فەرامینی ئەو کارە بکەن، بەڵام دەستگای ئەمنیەتی ناپلیۆن بۆی دەرکەوت لەو ئەنجوومەنەیدا کۆمەڵێکی زۆر دژ بەناپلیۆنن، لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە، ئایا ناپلیۆن ماسۆنی بووە؟ لەم ڕووەوە بیروڕای جۆراوجۆر لەئارادایە، راستە ئەنجوومەن پەیوەستە کۆشاوە کەسایەتی ناسراوی دەسەڵاتدار بکاتە ئەندام، "ژان مورڤان" لەکتێبی "سەربازی ئیمبراتۆری"دا دەڵێت: ناپلیۆن رەسمورەواڵی ئەندامبوونی ماسۆنیەتی ئەنجامداوە، کاتێك مولازم بووە لە ئیتالیادا، لە لۆژی

“هرمس”دا كه بۆخۆی لۆژێكی میسری بووه، بووه‌ته ئه‌نداموو له‌پاریسدا پله‌ی “شوڤالیه ئه‌نسی” پێدراوه‌.

“پارنگومو” له‌م رووه‌وه ده‌ڵێت: ناپلیۆن كه مولازم بووه ئه‌ندامی كۆمه‌ڵه‌ی ماسۆنی بووه، له‌ساڵی ١٨١٤دا له‌چه‌ند كه‌سێكی باوه‌ڕپێكراو بیستم كه‌وا ناپلیۆن كه‌موقه‌ده‌م بووه، ئه‌ندامی لۆژی “گراند ئوریان” بووه له‌شاری مارسی له‌پاریسدا له‌به‌ر قوربانیكردنی خوێنی “دوگ دافگین” بووه به‌”شوڤالیه‌تی ئیكسی”.

“موسالتوشابه‌رخی” كه ئه‌ندامێكی ناسراوی ماسۆنی بووه، له رۆژی ٢٢ ژانویه‌ی ١٨٠٥ ده‌ڵێت: ئه‌نجوومه‌نی ئێمه له‌كۆنه‌وه تووشی كوشت و كوشتار و زوڵم و زۆر هاتوین دوای سه‌ده‌ها زوڵم و كوشتن سه‌ره‌نجام له‌ژێر سایه‌ی ئیمپراتۆر ناپلیۆن پۆنابه‌رت رۆژگار ده‌گوزه‌رێنن و له‌گه‌نجینه‌ی “گراند ئوریان”دا كتاوێكیان دۆزیوه‌ته‌وه

تیایدا نوسراوە لەمانگی سێهەمدا رۆژی سیانزەهەمی ساڵی ١٨١٠ شـای رۆما کە برای ناپلیۆن بووە، بووەتە ئەندام.

ئـەوەی روون و ئاشـکرایە نـاپلیۆن ئەنـدامی کۆمەڵـەی ماسـۆنیەت بووە، بەڵام نۆکەرەکەی ئەوی پێش خزمەتی دەرگای ژوورەکەی بووە، بـەناوی "کونسـتان" لـەم رووەوە دەڵێـت: مـن زۆر جـار لـە نـاپلیۆنم بیسـتووە لـەمڕووەوە باسـی کـردووە کـەوا ئەنجوومـەنی ماسـۆنیەت کۆمەڵەیـەکی منداڵانەیـە هـەر کاتێـك دەیبیسـت کـەوا یـەکێك کراوەتـە مامۆستای گەورە یان بووە بەچـاودێری گشـتی گاڵتـەی پـێ دەهـات و دەیگوت: کۆمەڵێك منداڵن و سەرگەرمی یـارین، بـەڵام دەبـێ ئاگـاداری کاروکردەوەیان بین، بەڵام ناپلیۆن لەرۆژی سێهەمی مـانگی ئـەیلوول و بیستی مانگی دیسامبەری ١٨٠٣داو رۆژی سێیەمی مـانگی دیسـەمبەری سـاڵی ١٨٠٤ فەرمانیـدا "لـوئی" بـرای لەکۆمەڵـەی گرنـدرویان بەپلـەی مامۆسـتای گـەورە دانرێـت و "مەرسـتا" بەپلـەی "رابـەری گـەورە" و

“شوزال” بەپلەی “چاودێری گەورە” دەستنیشان بکرێن و زۆر کەسی تر لەنزیکانی ناپلیۆن بەو پلەو مەقامانە هەڵبژێراون و ئەو بڕیارانە لەلۆژەکاندا تا بەئەوڕۆ پارێزراون، ئەوی روونە ئەنجوومەنی ماسۆنیەت لەسەردەمی دەسەلاَتیدا لەوپەڕی جولاَنەوە و دەسەلاَتدا بوونە و زۆر لەلۆژەکان بەناوی ناپلیۆنی ئیپراتۆر ناونراوە و پێك لێوانیان بەناوی بنەماڵەی ناپلیۆن بەرزکردووتەوە ئەو وتانە تۆمار کراون وەك: بە سەلامەتی ئیمپراتۆر بخوێنەوە..

باسەلامەتی ماری لویز بخوێنەوە کە بەم زوانە جێنشینێك بۆ سەربەرزی و بەختەوەری گەل و ولاَت دێنێتە دنیاوە، کەواتە ئەی برادەران باسیّ جاران بۆ ئەو شانازییە بخوێنەوە، سیّ جار وەك ماسۆنییە راستەقینەکان بخوێنەوە.

# ماسۆنیەت لەسەدەی نۆزدەهەم و بیستەمدا

سەدەی بیستەم بە سەردەمی تاقیکردنەوە ناسراوە، کەسانێکی ڕۆشنفکر هاتونەتە مەیدانەوە وەك "کلودیرنارد" کە دەربارەی چۆنیەتیی ڕووداوەکان گفتوگۆی کردووە، زانست و زانیاری پرشنگی زۆر لاو جێگەی گرتووەتەوە، سەدەی بیستەم بەتەواوکەری سەدەی نۆزدەهەم ژمێردراوە، بەڵام بەتوندوتیژی گورجوگۆڵتر لەسەدەی بیستەمدا ئاشوفتەگی فیکری، دەروونی، ڕۆحی زۆر بڵاوبووەتەوە و بەتەئکید ئەنجوومەنی ماسۆنیەت لەسەدوپەنجا ساڵی ڕابردوودا پەیوەستە گۆڕانکاری تیادا ڕوویداوە.

میسرائیسم

ئاییینی "سرنو" نەیتوانی لەفەرنسادا گەشە بکات و رەوشی میرائـیم باشـتر لـەناو خەڵکـدا قبـووڵکرا، چـەند کەسـێکی بـەباش نەناسـراو کۆبوونــەوە ١٨٠٩ لەشــاری "مــیلان"دا کۆمەڵــەی "میسرائیســم"یــان سازاندووە "راگون" کـە یـەکێك بـوو لـەو کەسـانە لـەکتێبی بـەناوبانگی خۆیدا "توئیلور ژەنەراڵ" میسرائیسمی بە ئاییینی سەرسامییەکان یـان ئاییینی دێوەکان ناوبردووە و کەسێك بەناوی "لوژانژور" پێـی سـپێراوە، کە ئەساسنامەیەکی نوێ دامـەزرێنێت کـە لەکاکڵـەی کـۆنی ماسـۆنیەت بەدوور نەبێت، ئەو بیرۆکەیە بەبەربڵاوی لـەئیتالیادا بـڵاوەی کـردووە و ئەنـدامان تـا پلــەی ٨٧ بەرزدەبوونــەوە، پلــەی ٨٨، ٨٩، ٩٠.... زۆر لەئەندامانی ماسۆنی ئەوەیان قبووڵ کرد، هەتا وەکوو "مەگ کلاول" کە وەزیری جەنگ بووە.

لەساڵی ١٨١٤ میسرائیسم بەهۆی دوو کەسەوە "برایدو ژۆلی" ناوێکەوە لەوڵاتی فەرەنسادا بڵاوبووەتەوە، دیارە ئەو (ژۆلیە) ئەفسەرێکی گەورەبووە توانیوەیەتی کلکسیونێکی دەوڵەمەند لەو میسرائیسمەی پێکبهێنێت کە زۆر لە پلە و مەقامی ماسۆنیەتی کۆن بەدوور نەبووە و سێ کەسی ناسراوی ئەو کاتە بوونەتە ئەندامی میسرائیسم وەك: پزیشکی تایبەتی ناپلیۆن، ئەفسەری گەورەی گراند ئوریان و سەرۆکی دیوانی وڵات.

ئەو ئەنجوومەن پلە و مەقامی زۆری دەستنیشان کردووە و گەیشتووەتە ٩٠ مەقام و مەبەست زۆرتر بۆ کاروباری سیاسی بووە تا مەغزای راستەقینەی ماسۆنیەت.

لەساڵی ١٨١٧ "مارشاڵ برنویل" وتویەتی میسرائیسم جێگای مەترسیە، بەڵام ئەو کۆمەڵە بەیانێکیان وەدەرهێنا کەوا میسرائیسم

هـەمان ماسـۆنیەتە: پلــە و مــەقامی میسرائیسـم چـوار بەشـە: بەشـی یەکـەم: سـومبولیەیە، دووەم: پلــەو مــەقامی فەلسـەفییە، سـێهەم و چوارەم کاروکردەوەی قارەمانیەتە.

ڕەوشـی میسرائیسـم لـە حەقیقەتـدا دووربـووە لەکاکڵـەی بـیروڕای ئینسانی، وەك ئـەو بیرۆکەیـە بڵاوبووەتـەوە، بـەڵام ئـەوەی بەدەسـتی مـرۆڤ درووسـت بکرێـت قـابیلی گۆڕانـە، زەمـان ڕێزلێگـری هەمیشـەی نەبووە و نەهەیە.

# ماسۆنیەتی ژنانە

بەئەندامکردنی ئافرەت باسێکی هەمیشەیی ئەو ئەنجوومەنە بووە لەکۆنەوەو پەیوەستە دژ بە ئەندامبوونی ژنان دژایەتی کراوە و لەڕووی دەروونناسییەوە ویستوویانە بسەلمێنن، کە ئافرەت بۆ ئەو ئەنجوومەنە دەست نادات، بەلاَم وادەردەکەوێت، ژنان توانیویانە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ببنە ئەندامی کۆمەڵەی ماسۆنیەت.

"ئندرسن" دانەری کتێبی یاسایی کۆمەڵە کتاوەکەی پێشکەش بەخانمێك کردووە بەناوی "لاگارد" تیایدا نووسیویەتی ئەوانەی دەبنە ئەندامی لۆژ، دەبێ پیاوێکی راستگۆ، دروستکار، ئازاد، کارامە و خۆشناوبن.

کوێلـە، ژنـان، کەسـانی ناپـاك و دوایێنپـیس مـافی بەئەنـدامبوونی کۆمەڵەی ماسۆنیەتیان نییە، لەوێڕا ئاماژە بەلۆژی بـەریتانیا دەکـات و دەڵێت: سـەرەڕای ئـەو دژایەتییـە لەمێـژووی ٢٣ی مـانگی مـەی سـاڵی ١٧٧٤، ١٦٥ ئـافرەت لەمەراسـیمی ئەندامبوونـدا بەشـداریان کـردووە، "ئـەلبیرلانتون" لـەکتاوە بەناوبانگەکەیـدا بـەناوی "هیرامـی تـای دڕك لەسەر"دا نووسیویەتی لەسەدەی هەژدەهەمدا ژنان زۆر دەکۆشان ببنـە ئەنـدامی کۆمەڵـەی ماسـۆنی، بـەڵام دژایـەتی ئـەو هەوەسـە دەکـراو ئەندامـەکان ئـــەو داخوازیانـــەیان بەنەشـــیاو دەزانـــی، بـــەڵام بڕێـــك لەنووسەران و ڕۆشنبیران سوربوون لەسەر بەئەندامبوونیان و ئـەوەیان ڕوونکردەوە کە لەزەمانی کۆندا زۆر لـەژنان لـەکاروکردەوەی بەنناییـدا بەشدارییان کردووە و زۆری نەکێشاوە جۆرێك لەئەندامبوونی ئافرەتـان لەئەنجوومەنـــدا ددانـــی پێـــدانراوە، دوو کەســـی لـــە ســـەردەمدارانی ماسـۆنیەت لـەم رووەوە وتویانـە: ژنـان کـە بوونەتـە ئەنـدام هـەر وەك

نەنکە گـەورەیان "حـەوا" لوژەکانیـان وەك بەهەشـت ڕازانـدووە، چۆن "حـەوا" ئـادەمی هەڵخەڵـەتان کچـەکانی لـەو کـەمتر نـین، بەڵگـە زۆر بەدەستیەوە، کـە لەسـەدەی هەژدەهەمـدا گـەلێك لـەئافرەتان پیشـەی دارتاشییان هەبووە، کە لەکاری بەنناییەوە نزیکە.

کچی وەستاکاری کلێسای ئستراسبورك پەیکەرساز بـووە، بـەناوی "سـابین دواشـتن بـاخ" سـەردەمی ئـەو کلێسـایە لەلایـەن ئـەو پەیکەرتاشەوە دروستکراوە، لەدواییـدا شـوی بەوەسـتاکارێك کـردووە، کە بەدروستکردنی کلێسای (ماکدبورك)ەوە خەریکبووە.

بەڵگەیـەکی کـۆن بەدەسـتەوەیە ١٦٩٣ لـەوڵاتی بـەریتانیا لـەلۆژی ژمارە ٢٣٦دا پـارێزراوە تیایـدا دەڵێـت: هـەر تازەکارێـك ژن یـان پیـاو بیەوێت بکرێتە بەننا دەبێت دەستی لەسـەر کتـاب دانـات، ئەمـە ئـەوە دەگەیـەنێت ژنـان کـاری بـەنناییان کـردووەو ئەنـدامی نـەزەری

ئەنجوومـەنی ماسـۆنیەت بوونـە و بەڵگـەی دیکـە بەدەسـتەوەیە کـەوا ئافرەتان لەدروستکردنی کڵێساکاندا بەشدارییان کردووە.

# مافی مرۆڤـ

بەشێکی تایبەتمەند بەناوی مافی مرۆڤ لەئەنجوومەنی ماسۆنیەتدا دامەزراوە، "ژورژ مارتن" بەدامەزرێنەری ئەو بەشە ناسراوە و ئەو کەڵەپیاوە توانیویە بەسەر سەدان کوسپ و گرفتاریدا سەرکەوێت، فەرماسۆنی ساڵانی ١٩٧٤–١٩٤٠ زۆرتر بەکاروکردەوەی سیاسی و بازرگانی و ئابووریەوە سەرگەرم بووە.

"لانتوان" لەم رووەوە نووسیویەتی: ئەگەر سبەی جەمهوریەت لەناوبرا لەنێو کاولبوونی وڵاتدا تەنها ئەنجوومەنی ماسۆنیەت دووبارەو ئازایانە سەرهەڵدەداتەوە، وادیارە ماسۆنیەتی ئەم سەردەمە نان بەنرخی رۆژ دەخوات، لەمێژووی سیانزەی مانگی مەهی ساڵی ١٩٣٠ حکومەتی "ویش" لەوڵاتی فەرەنسادا یاسایەکی خستەڕوو، تەواوی

ئەنجوومەن و کۆمەڵگا نهێنییەکانی قەدەغەکردوە و ئـەوەی داراییـان

هەیە دەستی بەسەردا کێشاوە، ئەو فەرمانە بـوو بـەهۆی ئەشـکەنجە و

ئـــازار و تـــالآنکردن و زۆر لەئەنــدامانی ماســۆنیەت بوونــە قوربــانی

بیروڕایــان، بــەلآم بــیروڕای ماســۆنیەت وەك "قەقنــەز" دووبــارە لــە

خۆڵەمێشەوە ئاگری کاروکردەوەی لەتەواوی ولآتدا دەستیپێکردەوە.

# سەنگ تاشین

لەساڵی ١٧١٧ شێوەی ماسۆنیەت زۆرتر لـەکاروکردەوەی پێشـەیی "بـەننا"ی دوورکەوتـەوە و شـێوەی بەخۆیـەوە گـرتو تـەواوی ئـامێر و ئەبزاری بەننایی تـەواویان وەك رەسـم و وێنەگرانـە دروشمیـان بەسـەر لۆژەکاندا رەسم دەکران ئەوەی روونە واقیعەتی ئینسان ئەوەیە فیکر و ئەندێشـەی مـرۆڤ دەبێـت جێگـەی دەست بگەڕێتـەوە و هێـز و توانـای "ماشێن" جێگەی گوڕو هێزی مرۆڤ دەگرێتەوە هەرواشکرا، بەڵام بەردی سـفتو سـەخت هـەروەك خـۆی مایـەوەو بـەدروشمی سـەرەکی ئەنجوومەنی ماسۆنیەت لە قەڵەمدراوە.

چاوسـاقانی ماسـۆنیەت مـرۆڤ دەشـوبهێننە بـەرد، بـەردی سەختودڕوار دەبێت هەم بەردەکە بکەوێتە کار و هەم کار لەسـەر ئـەو

بەردە بکرێت، ئەو ئەندامە تازەکارە کە دێتە ئەنجوومەنەوە سەرەتا خاوەنی ناوی "من"ە دەبێ هێندە کاری لەسەر بکرێت و "من"ی ئەو بکرێتە "ئەو" کاتێك بووبە خاوەنی کەسایەتی "ئەو"، ئەو کاتە ئەنجوومەنی ماسۆنیەت بەچاکی دەتوانێت سوودی لێ وەرگرێت، ساختمانێك لەبەرد بسازێنێت، ئەو بەردە دەبێ بەشێوەی هەندەی نیازمەند بتاشرێت و لەجێگەی شیاودا دانرێت، ئەودەم ساختمانەکە جوانتر و پڕ لەزەرافەتتر دەنوێنێت، بۆیە لەمێژەوە چەکوش و قەڵەمی بەردتاشین بەدوو ئامێرو دەستەگیرەی گرنگ ژمێردراون لەئەنجوومەنی ماسۆنیەتدا، لەلۆژەکاندا تازەکارێکی ماسۆنی لەگۆشەی باکوری رۆژهەلأتی لۆژەکاندا دادەنرێن، لەکۆندا کاتێك ساختمانێك دروستدەکرا یەکەمین بەرد لەگۆشەی باکووری رۆژهەلأتی ساختمانەکەوە دادەنرا.

# زنجیری پەیوەند


تۆپێك لەپەتی هەورێشمی گرێدراو ناسراوە بە "تابلۆی شاگرد" "ژۆل پۆشیە" لای وایە: ئەو گرێیانە بەڕیشووی عیشق دەژمێردرێت و لەسەری هەر ریشویەك تۆپێك شۆڕكراوەتەوەو ئەوە نیشانەی رەفتاری برایانی ئەندامانی ماسۆنیەتە لەتەواوی دنیادا، ئەو رشتەو تۆپانە چەندین رەنگن.. زەرد و سەوزو شین و سپی، هی سەردەمی میسرییەكانە، سپی و سوور و شین هی سەردەمی كڵێساكانی كۆنی وڵاتی فەرەنسایە و ئەوانە نیشانەی برایەتین و رەنگە گرێكان ژمارەیان دوانزە دانەبێت كە نیشانگەری دوانزە ئەستێرەیە.. برادەرانی پەرستگا ئەوجۆرە رەسمو رەواڵە بەزنجیرەی یەكێتی ناودەبەن، لایان وایە لەساڵی ١٧٦١ ڕووداوێك لەنزیكی كلێسای نۆتردامدا رویداوە،

کۆبوونـەوە و پەیوەنـدیی یـەکێتییان ئـەنجام دەدا و قەشـە نوێـژی بـۆ دەخوێندن.. دیـارە ئـەو رەسـمو رەواڵـە، گوریسـێکە، کـە بـە رشـتەی محەبـەت، یـان پەیوەنـدیی دۆسـتایەتیی یـان زنجـیرە پەیوەنـدییان بەبنەمای عیشق ناویان دەبرد.

لەسەدەی دوازدەهەمدا هەروەها سـیانزەهەمیش نـاوی دۆسـتانەی سەیر لەلایەن نووسەرانەوە دەنراو مۆردەکرا بەمۆرێکی سەوزی تایبەت و رەنگـی سـەوز بـەلای ماسـۆنیەکانەوە بـەدیاردەی یـەکێتی و پەیوەسـتەگی دەستنیشـان کـراوە و ماسـۆنییەکان بەئومێـدی ئـەو رۆژەوەن، کە تەواوی مرۆڤدۆستی و یەکێتی لـەناوخۆدا بپـارێزن، بۆیـە بەلایانەوە رەنگی "سەوز" نیشانەی ئومێدە.

کاتی ئەوە هاتووە دەربارەی "لابرینت"ـە ماڕپێچـەکانی ژێـر بڕێـك لەپـەرستگا و کڵێساکان بدوێن، ئەو ڕاڕەوە باریکانە بەشـێوەی مـارپێچ

لـــەژێر کلێســـاندا دروســـتکراون بەتەئکیـــد ئـــەو شـــێوە پەیوەنـــددارە بـــەزنجیرەی پەیوەنـــدی ماســـۆنییەکانەوە زۆر لـــەو رووەوە دوان و لێکدانەوە کراوە و هەریەکـە لـەو ڕاڕەوە مارپێچـانە نـاوێکی تایبـەتیان لێنراوە، وەك: بەیتولموقەدەس دەبێت لەناویدا لەسەر چۆك بەڕێگـەوە بڕۆیـت کـە بەحیسـاب ئـەو نـاوە لـەناوی پـیرۆزی بەیتولموقـەدەس وەرگـیراوە: ئـەو جـۆرە رەســمورەواڵە دەگەڕێتـەوە بۆســەردەمی "پـەرستگای سلێمان" یانی سلێمانی پەیامبەر.



# سەرئەنجانم

"ماریۆس لەباز" لەساڵی ١٩٤٨دا، لەباسێکدا روونی کردووەتەوە، کە چ جۆرە گرفتاری هاتووەتە رێگەی خێرخوازەکانەوە ئەوانەی کۆشاون جیاوازی نێوکۆمەڵ نەهێڵن، بەڵام لە تەواوی سەردەمەکاندا ئەوەی گرنگ بووە مرۆڤ کۆشاوە بەشێوەیەك ساغی و سەلامەتی بپارێزێت.

ماسۆنیەت ئەگەرچی شێوە و رەفتاروکرداری جۆراوجۆری زۆری تیادایە، بەڵام لەم ڕووەوە زۆرشتی بۆمان روونکردۆتەوە، ماسۆنییەتی سەدەی بیستەم ئامێرێکی بەدەستەوەداوە کە لەسێ گۆشەوە بڕواتە سەر "پرگار" یانی لەدنیای مادیگەرییەوە بڕواتە دەرەوە و بگاتە دنیای رۆحەوە، کە بیر و ئەندیشە پەرچەمداری زەوارەکە بێت.

"رنــەکتون" نووســیویەتی: ماســۆنیەت تــەواوی فیکــر و توانــای تەرخانکردبوو بۆ دنیای زیندیقی و ئیلحاد، دووبارە بەخۆیدا چووەتەوە ئــیتر ئــەو ســەردەمە رابــردووە یاســایەك، دەســەڵاتێك بڕواتــە لاوە ئەنجوومــەنی ماسـۆنیەت بکەوێتــە بــەر کوشــتن و بــڕین و نــاڕەوایی، ئەنجوومـــەنی ماســـۆنیەت لەســـەرەتای بەشـــەریەتەوە هـــەبووە و ئەنجوومەنێکی لەناونەچووە و هەمیشە ئەگەرچی بڕێکی ناحـەزی دوور لەئەندێشە ماسۆنیەت دەبینرێت ئەوانە با چاك بزانن، ماسۆنیەت لەگەڵ کلێساو ئاییندا دوو رێگای جیاوازی هەیە. لەوانە گوزەشـتە ماسـۆنیەت یانی برایی، پەیوەندیی راستەقینەی نێوان مرۆڤی سەر زەوی.

لەیاســای "ئەندرســۆن"دا دەڵێــت: کابرایــەکی ماســۆنی بــەپێی کاروکردەوەیــەك، کــە هەیــەتی دەربــارەی خــوداو ئــایین، کــە فیکردەکاتــەوە ناتوانێـت لەیاسـای "ئـەخلاق" دوورکەوێتــەوە بەســەر ئەوەشـدا ئەگـەر کابرایـەکی ماسـۆنی نـەیتوانی یـان نـەیزانی "یاسـای

ئەخلاق" تێ بگات بە مسۆگەر نابێتە کابرایەکی "مولحید" یان گێل و گەوج، لەسەردەمی کۆندا بەنناکان پابەندی ئایینی ئەو ولآتانە دەبوون کە تیادان، ئەورۆ دنیا گۆڕاوە پێویستە مرۆڤ لەرەوشتی جوانو کاروکردەوەی شیاو و پەسەند بەدوورنەبێت، هەر دینێك هەڵدەبژێرێت هەر مەزهەبێکی لا چاکە، ئەو بۆ خۆی ئازادە و ماسۆنیەت مەبەستی سەرەکی تەنها خزمەتی مرۆڤە و لەپێناوی ئاسایشی تێکڕایی مرۆڤایەتیدا دەکۆشێت، لەیەکێك لەباسەکانی شۆڤالیە "رامسی"دا هاتووە و دەڵێت: سەروەران، ئێوە بەم سۆز و خرۆشەوە دەکۆشن ببنە ئەندامی درەخشانترین ئەنجوومەنی جیهان، کە ماسۆنیەتە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ئێوە ئەو مەرجانەتان تیادایە، یانی کەسانێك، ئەخلاق، رازداری، پاك رەوشتی، جوان کرداری دەپارێزن و زەوقی هونەریتان تیادایە.

“لیکور سولون” و تەواوی یاسا دانەران نەیانتوانیوە بۆ درێژخایان یاسا دانەنو بیپارێزن، ئەگەرچی ئەو یاسانە ژیرانە دارێژراوبوون، بەڵام نەیانتوانی لەتەواوی وڵاتاندا پیادەی بکەن، چونکە لەم یاسایانەدا بەرانبەری و یەکسانی لەڕۆحی ئەو یاسانەدا نەبووە و بەگوێرەی نیازی میللەتە جۆراوجۆرەکان نەبووە و نەگەیشتووەتە ئاستی جیهان و سۆزی نیشتمانپەروەری و نەتەوایەتی زاڵبووە و عیشقی جەمهورییەتە شەڕکەرەکان بەسەر مەبەستە ئینسانییەکاندا زاڵتربووە.

جیهانی ئەوڕۆ جەمهوریەتێکی بەربڵاوی جیهانییە، هەر میللەتێك ئەندامی ئەو خێزانەیە و لەو جەمهوریەتەیدا هەر مرۆڤێك منداڵی ئەو خێزانەیە.

ئێمە دەمانەوێت تەواوی کەسانی رۆشنبیر و خاوێنبیرن، فیکر لە هونەرەجوانەکانی دەکەنەوە، لەگەڵ یەکدا کۆیانکەینەوە، تا لەپێناوی

مرۆڤایەتیـدا هـەمووان تێکوشـین و لەهەمانکاتـدا ولأتەکـەیان لـەبیر نەکەن.

بـاپیرانی ئێمـە لەتـەواوی دنیـاوە بـەرەو سـەر زەوی مەسـیحیەت ڕۆیشتن و لەوێدا کۆبوونەوە و لەسەر زەوی پیرۆزدا پێکەوە هاوکارییان کردووە، ئەوانە لەمیللەتە جۆراوجۆرەکان بوونە، بـەلأم یـەك دەسـت و یەك بازوو پێکـەوە تێکۆشـان، ئـاخۆ چ ئەنگیزەیـە بـووە ئـاوا هانیـانی داوە؟ ئەوانـە ژیـان و مانیـان خسـتبووە سـەر لێـوی شمشـێر، مـرۆڤ هەمیشە سوودی خۆی لەنەزەردا دەگرێـت، مـردنو تیاچـوون بەسـوود لەقەڵەم نادرێت، ئەوان خۆیان بەکوشـت دەدا لـەپێناوی پـارەدا لەبـەر پێکهێنـانی ڕۆژێکـی باشـتر و داهاتوویـەکی ڕۆشـنتر، لەئەنجوومـەنی ئێمەدا دروستڕەوشتی خاڵێکی گرنگە لـە کاروکردەوەمانـدا و قـەوارەی یاسا ئایینییەکان بۆ ڕەوشی جـوانی پێکهاتوونـە، مەسـیحیەت ئـەویش

دەكۆشێ مرۆڤ بەئەخلاقتر بكات، یاساكانی ماسۆنیەت دەكۆشی مرۆڤ پوختە و پێگەیشتوو بكا عاشقی خودای لەدڵ و دەرونیدا بەهێزتر بكا نەك لەبەر پاداشت بەڵكوو لەبەر زەرافەتی جوانی خود و رەوشی جوان.

# کۆتـایی

## ڕێوڕەسمی ئەندامبوون

ساختمانی لۆژ زۆر لەکڵێسـا دەچـێت، دەرگـای بـەژوورەوە چـوون دەبێ لەبەری ڕۆژئاواوە بێت و تا رادەیەك تاریك بێت وەبـەو ڕاڕەوەیـدا دەگوزەرێن تا دەڕۆنە ناو لۆژەکـەوە ئەمـە ئـەوە دەگەیـەنێت ئەوانـەی تــازە دەبنــە ماســۆنی ژیــانی پێشــوویان لــەتاریکی و نەزانینــدا گوزەراندووە.

لـەلۆژی "لەنـدەن"دا دوو پایـەی بـەرز و بڵنـد لـەدوو لای جێگـەی میعمــاری گەورەدایــە، کــە پەرســتگای ســلێمانمان وەبیردەخاتــەوە، یەکێکیان بەڕەنگ سەوزە، بەناوی "یاکین" یانی هێز و کوڵنەدان، ئەوی تریان بەڕەنگی سپی و رەش و بـەناوی "بـولز" کـە نیشـانەی تاموولـە،

ئەو دوو وشەیە بە زمانی عیبرین ئەو دوو گولتەی ئەوەدەگەیـەنێت کـە پەروەردگار پەرستگای سـلێمانو ئاییـنەکـەی بـەهێزو توانـاوە بونیـان دانـاوە، برێکـی تـر لایـان وایـە ئـەو دوو گولتەیـە نیشـانەی تـاریکیو رۆشـناییە ئـەو شـێوە پایانـە کـاروکردەوەی "هـیرام"ی سـەر وەسـتاو میعماری حەزرەتی سلێمانە.

تابلۆیەك لەزەویدا کێشراوە چۆنیەتی جێگە و شوێنی شاگردەکانی تیادایە و زنجیرەی پەیوەند بەدەوری لۆژەکەدا کێشراوە کە لەچەندان لاوە گرێدراوە، ئەوە دەگەیەنێت ئەندامان پێکەوە هاوکار و پەیوەست بەسـەر مێزێکـی چوارگۆشـەوە لـەپێش سـەرۆکدا مۆمـدانێك دانـراوە، تەوشیەك، سێ سوچەیەك، پرگارێك، شمشێرێكو کتێبێـك کـە ناسـراوە بـــە "یاســـای بنـــەڕەتی ئەندرســـۆن" مێزێکـــی سێگۆشـــە لـــەپێش تەماشاکەرانی لۆژدا چەکوشێکی دارینی بەسەرەوەیە.

ئەوانــەی دەبنەئەنــدامی ماســۆنیەت نــابێ تەمــەنیان لــە ٢١ ســاڵ کــەمتربێت، بــەلاّم ئەنــدامانی فەرماســۆن "ماســۆنیەت" دەتــوانن منداڵــەکانیان ئەگــەر تەمــەنیان گەیشــتە ١٨ ســاڵ بکــەن بــە ئەنــدامی ئەنجوومەن و بەو مندالاّنە دەڵێن: بەچکەگورگ.

ئەندامان دەبێـت لـەش و رۆحیـان تەندروسـت بێـت، ئەنـدامان کـە دەبنـە ئەنـدام سـالّی یـەکجار تـاقی دەکرێنـەوە، تـا لەپلەیەکـەوە بـۆ پلەیەکی تر سـەرکەون، ئەگـەر کەسـێك هـەموو سـالّێك پلەیـەك ببڕێـت بۆخۆی تەمەنی ٢١ ساڵ بووەو سیو سێ پلە بەسیو سێ ببڕێت، یانی لەتەمەنی ٥٤ سالّیدا دەگاتە پلەی "میعماری گەورە".

ماسـۆنییەکان لایـان وایـە مـرۆڤ تـا تەمـەنی پـەنجا سـاڵ هێشـتا ملکەچــی ئارەزوەکــانێتی.. ســێ کــەس ماســۆنی دەبــێ پــالّێوارو دەستنیشان بکەنو ئـەوان ببنـە کـەفیلی تـا بەوردەکاریـەوە پـرسو را

دەکرێت دەربارەی ژیانی، بیروڕای سیاسی، فەلسـەفەیو کۆمەڵایـەتی، ئـەو دەمو شـاردەی ئـەو پـرس و ڕایانـە بدەنـە ئەنجوومـەنی بـاڵا، تـا ئەنجوومەنی باڵا بڕیـار لەسـەر وەرگـرتن، یـا وەرنەگرتنـەوەی دەدەن، شورا کە کۆدەبنەوە دەمامەکیان لەسەر روخسارە و کەسی داواکـار لـە ژوورێکـدا ڕادەگـرن تیـادا هەیکـەلی پێشـینی پیـاوێکی داس بەدەسـتی تیادایـە ئـەو ژوورە ناسـراوە بـە "ژووری تێفکـرین" ئـەو ژوورە پـڕە لەکەللەسـەر و دیمـەنی ترسـێنەر و نووسـینی جۆراوجـۆر بەسـەر دیوارەکانەوە هەڵواسراوە وەك: "ئەی ئەوەی دەتـەوێ ببیتـە ئەنـدامی ئەم ئەنجوومەنـە ئەگـەر لات وایـە بـە ئەنـدامبوونت لـەم ئەنجوومەنـەدا دەبێتە خاوەن پلە و پایەو پـارە بەهەڵـەدا ڕۆیشـتویت، هەسـتە بـڕۆ و سەر بێرەدا نەکەیت".

کابرای داخوازی بەئەندامبوون لەو ژوورە تاریك و ترسێنەرەدا پێـی وتـراوە کـە وەسـیەتنامەی خـۆی بنووسـێت و چـوار خـاڵی گـەورە و

سەرەکی ئەرکی ئەو بەرانبەر مرۆڤ، دەربارەی ولآت دەربارەی خێزان، سەرئەنجام دەربارەی خۆی چۆن تێ دەفکرێت؟ ئەوەی ئەو دەربارەی ئەو چوار لایەنە دەینووسێت بە وەسیەتنامە لە قەڵەمدەدرێت، دوای سەعاتێك چاودێری لۆژ دێنە ژوورە ترسێنەرەکەوە، وەسیەتنامەکە وەردەگرێت و دەیداتە دەست مامۆستای گەورەوە... لەدواییدا کابرای چاوەڕوان بانگ دەکرێت بۆ لای مامۆستای گەورە و پێی دەڵێن بەدەنگی بەرز ئەوەی نووسیویەتی بخوێنێتەوە، ئەگەر نووسراوەکەی پەسەندی گوێگرانی بوو، ئەوا بەئەندام قبووڵ دەکرێت، ئەو دەم دەستی دەگرن و دەیبەنە ژوورێك چەندان ئەندامی پایەبەرزی ئەنجوومەنی تیادا دانیشتووە، ئەڵبەتە بەچاوبەستراوی، دەبرێتە لای ئەو ئەندامە پایە بەرزانە ئەوەی فلز و زیوو مەعدەنە لێی دەستێن، بەواتای ئەوەی لەجیهانێکی ماددیەوە ڕۆیشتووەتە جیهانی مەعنەوی و پەتێکیش دەخەنە گەردنی.

چاوبەستن بۆئەوەیە بەو تازە ئەندامـە بسـەلمێنن کـە تـۆ تائێسـتا کەسێکی چاوبەسراو وەك کوێر وایت و پەت لەگەردنخستن یانی فەرمان جێ بەجێکردنی بێ یەکو دووکردن، ئەوەی گەورەکان دەیڵێن ئەنجامی بدات.

لەو ژوورەیدا ئەوەی زینەتو زیـوەری هـەبووە لێیـان وەرگرتـووە، بـەو ژوورە دەڵـێن "ژووری تاقیکردنـەوە" و چاوبەسـراوو پـەت لـەمل و روتوقــوت دەبرێتــە بەرچــاوی لێپرســراوە گــەورەکان ئێســتا لــەم سـەردەمەیدا رووتکردنـەوەیان لابـردووە، کـە بەرامبـەر ئـەو ئەندامـە پایەبەرزانـە رادەوەسـتێت، مامۆسـتای گـەورە فـەرمان دەدا تاچـاوی خۆی بکاتەوە کـابرا کـە چـاودەکاتەوە ئەوانـەی دەیبینێـت هـەموویان دەمامکیان بە روخسـارەوەیە و لەوێـدا بـە وردی دڵ و دەروونـی کـابرا دەخوێننەوە کە تا چ رادەیەك ئەو رەسمو رەواڵە ترساندوویەتی ئینجا لێی دەپرسن:

–ئایا بۆ تاقیکردنەوە ئامادەیت؟

–بەڵێ ماموستای گەورە ئامادەم...

–لەچۆنیەتی تاقیکردنەوە ئاگاداری؟

–نەخێر قوربان...

ئینجا دەکەونە تاقیکردنەوە بەهۆی ئاو، ئاگر، با لەڕێگەوە پلەی توانا و ئازایەتی ئەو کابرایە دەستنیشان دەکەن.

# تاقیکردنەوەی ئازایەتی

مامۆستای گەورە فەرمان دەداو دەڵێت: ئادەی بزانم تا چەند دەتوانی هەناسە نەدەی؟ ئەو دەم قەفارەیەك بەسەقفەوە شۆڕکراوەتەوە و پەتەکەی دەخەنە ملی و دەڕواتە سەر کورسییەك، ئەو دەم مامۆستای گەورە دەنەڕێنێت، ئامادەیە ئەوسا پەتەکە رادەکێشن.

کە کابرا دەڵێت: بەڵێ ئامادەم.. شەقێك لەکورسییەکە دەدەن، لەبەر ئەوەی لەسەرەوە پەتەکە بە تاڵێکی بار هەوریشم بەستراوە لەقورسی کابرادا تاڵەکە دەبچڕێت و کابرا لەزەویدا کۆمەڵە دەبێت ئەگەر مامۆستای گەورە لەرەفتاری کابرا رازی بوو ئەوە تاقیکردنەوەی دووەم دەست پێ دەکات، دەمانچەیەك لەگەڵ باروتدا لەبەرانبەریدا

دادەنێت و پێی دەڵێن ئەو دەمانچەیە بنەسەرتەوە، ئەگەر نەیوێرا یەکێکی تر ئەو کارەی دەکا، کە دەمانچە دەتەقێت تەنها دووکەڵێك لە لوولەکەیەوە دەردەچێت.. ئینجا مەقاڵەیەك ئاگر دەخەنە بەردەستی و پێی دەڵێن: دەی ئەو سکلاّنە بەدەست بگرە و لەحەقیقەتدا ئەوانە نەپشکۆن و نەهیچی تر، بەڵکو مادەیەکی فسفۆرییە لەئاگر دەچێت، دوای ئاگر نۆرە دێتە سەر ئاو، پەتێك دەخەنە ملی کابراو بەرووتی دەیخەنە ناو ئاوەوە، بەر لەوەی زۆر تەنگەتاو بکرێت لەئاو دەری دەهێنن.

# فەرمان بەرداری‌و رازداری

دوو خـاڵی گـرنگ لـەدنیای ماسـۆنیەتدا هەیـە، یەکـەم فـەرمان بەڕێگەوەبردنە، دووەم رازونهـێنی پاراسـتنە.. هـەر ئەنـدامێك بەرانبـەر مامۆسـتای گـەورە دەبێـت بـێ یـەكودوو فەرمانبـەربێت و ئـەوەی لـە کۆبوونەوەکاندایە لەلای هیچ کەسێك نەیدرکێنێت ئەگینا لەئەنجوومـەن وەدەر دەنرێـت، لەسـەدەی نۆزدەهەمـدا ئەگـەر ئەنـدامێك رازێکـی گەورەی لە دەرەوە بدرکاندبا، نەك تەنها وەدەردەنـرا، بـەڵکو سـزایش دەدراو لـەوڵاتیش دووردەخرایـەوە، هـەر ئەنـدامێك بـەپێی رێکخـراو پەیوەندە لەگەڵ لێپرسراوی راستەوخۆیدا، بۆی نییە لەهیچ روویەکـەوە پەیوەندی لەگەڵ لـەو گـەورەتردا ببەسـتێت، مەگـەر بـە گـوێرەی نیـاز داوابکرێت تا دەربارەی باسێك، وەڵام بداتەوە، کە کۆبوونەوە دەکرێـت

هەر ئەندامێك بە گوێرەی پلەوپایەی خۆی ئەوەی نیشانەی هەیە و پێی دراوە دەبێت بەسەر سنگیەوە یان لەملیدا بێت کاتێك لەلۆژدا دادەنیشێت.

سێ نیشانەی سەرەکی ئەنجوومەن، شاقول، سێگۆشە، پرگار، بەلأم مامۆستای گەورە جگە لەو نیشانانە ئەستێرەیەك بەسەر سنگیەوەیە لەدەرەوەی لۆژ رەفتار و جولأنەوەی تایبەت کراوەتە رەوشتی ئەندامانی ئەنجوومەن لەو زمانە تێدەگەن و دەزانن ئەو کەسە هاوکارو ئەندامی ئەنجوومەنە.

کاتێك ئەندامان لەلۆژدا دادەنیشن دەبێت بە ڕوانکەی چەرمین بەبەریاندا بێتو دەستکێشیش لەدەست بکەن، حەمایلی "شەیالە" لێزانەکە پڕ لەنەخش‌ونیگارە شمشێرێکی پێوە هەڵواسراوە، لە ئەڵمانیا، فەرەنسا، ئیتالیاو بڕێکی ولأتانی ئەوروپا جگە لەبەریتانیا،

تازە ئەندام کە قبووڵ دەکرێت دوو جووت دەستکێشی بەدیاری پێ دەدرێت، جوتێکی ژنانەیە و ئەوی تریان پیاوانە، ئەو جووتە ژنانەیە دەیکاتە دیاری بۆ هەر ئافرەتێك بەلای ئەوەوە ئازیزە.

لەئەمریکادا بۆ سی و سێ پلەی ماسۆنیەت، یانزە دەست لیباسی جۆراوجۆر تەرخانکراوە و هەر دەستە جلێك بەسەر قۆڵەکەیەوە پلە و پایەی بەهۆی دیاردەیەکەوە دیاریکراوە.

لەلۆژەکاندا بڕێك جوڵانەوەی تایبەت تەرخانکراوە بۆ ناساندنی خۆی وەك دەست لەژێر چەناگەخستن، یان پەنجە بخاتە سەر شانی راستی و لەسەر خۆی دەیهێنێتەوە خوارێ، تەواوی ئەندامانی ماسۆنیەت ئەو جوڵانەوانە دەزانن و لێی تێدەگەن کاتێك ئەندامێك دوو دەستی سەلییەدا (لا٤٨) لەسەرسنگی دادەنێت و ئەو جار لەپێی

چەپی لەکەمەر دەنێت و دەستی راستی شۆر دەکاتەوە مانای ئەوەیە داوای یارمەتی نەقدی دەکات لە ئەندامێکی دیکەی ماسۆنی.

# ماسۆنیەت لەئەمریکا

لـــەولاَتی ئـــەمریکادا گـــەلێك ئەنجوومـــەنی نهـــێنی لەکاردایـــە، ئەنجوومەنی ماسۆنی یەکێکە لەوانە، مەبەستی ماسۆنیەت لەئـەمریکادا لەگـەلْ ولاَتـانی تـردا جیـاوازە، نەختـەکێك لەشـێوازی ماسـۆنیەتی سویسراوە نزیکە، ماسۆنیەتی ئەمریکایی زۆرتر بۆ رابوردنە تا تێفکرین و خزمەتگوزاری، پلەو پایە لەماسۆنیەتی ئەمریکادا وەك ئەوروپا نییە، پلەو مەقامی بـەرزو بلْنـدیان هەیـە، کـە جـۆرێکی تایبـەت جـلو بـەرگ لەبەردەکەن.

"روزفلت" سەرۆك کۆماری پێشـووی ئـەمریکا ئەنـدامی ئەنجوومـەن بووە، جۆرج واشنتۆن ئـەویش ئەنـدامی ماسـۆنیەت بـووە لەئـەمریکادا ئەنـدامی ماسـۆنیەت ژمارەیـان زۆرە، لەبـەر ئـەوەی تووشـی هـیچ

تەنگوچـەڵەمە و دژوارییـەك نایـەن و نـەهاتوون، بەتایبـەت دژایـەتی پیاوانی ئایینی، ئەنجوومەنی گەورەی ماسۆنیەتی ئـەمریکا، یەکـەمیان بـە "ئەسـتێرەی رۆژهـەڵات" ناسـراوە، کـە لەسـاڵی ١٨٥٠دا دامـەزراوە لەسەرەتا ئەو ئەنجوومەنە بۆ هاوکـاری و یارمەتیـدانی ئەوانـەی بـەرەو ئـەمریکا کـۆچ دەکـەن دروسـتکراوە، بـەڵام کاتێـك "رۆبـرت واریـس" کتـاوێکی نووسـی بووبـە هـۆی هـەراو بـەزمێکی بـەربلاو و بووبـە هـۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر بکۆشێت بکرێنە ئەندامی ماسۆنی و لـەو کتـاوەدا بەوردی بیروڕای ماسۆنیەتی شیکردووەتەوە و خێزانی ئەندام بەئاسانی بۆیان هەیە کە وەك باوکیان جگە لەدایکیان کە لەمێژدا رێگەی پێدراوە ببنە ئەندام لەشاری بەنسلفانیادا کەسێك بـەناوی "گـالنتین ئەنـدریش" کە لەسەدەی حەڤدەهەمدا دەژیـا لەسـاڵی ١٩٢٤ "دکتـۆر سـوین بـۆرن کلیمەر" دووبارە ناوی خستەوە سەر زمانو کتاوێکی نووسی دەربارەی بۆچـوونەکانی زۆری لێـدواوە، لەئـەمریکادا پەنجـە لەسـەر ئـەوەی

دادەنرێت، نابێت هیچ جـۆرە جیاوازییـەك بخرێتـە نێـوان ژنو پیـاوەوە لەهیچ روویەکەوە ئەگەر لەسەدەکانی ناوەڕاستا ژنان پیشەی بـەننایان نـەکرددبێت ئەوڕۆکـە هـەزاران و ملیۆنـەها ژنـی ئەنـدازیار و تەلارسـاز دەبینرێن، لەولاّتی روسیادا پیشەی بەننا لەناو ژناندا بەربلاّوە.

# ماسۆنیەتی تازە

زۆر باس و لێدوان کراوە دەربارەی ئەنجوومەنی ماسۆنیەت، لەهەر کوێیەك بێ ماسۆنیەت یەك نیازی هەیە و مەبەستەکەشی ئاشکرایە، بەڵام ئەو ئەنجوومەنە بەگوێرەی زەمان و گۆڕانکاری لەبیروڕای جیهانی ئەمڕۆدا، ئەویش بۆچوون و شێوازی خۆی دەگۆڕێت، نوێژی سەر سنگی مەسیحیەت لەسەرەتای کودەتای فەرەنسادا بەدیاردەی "برایەتی، یەکسانی، ئازادی" دەدرا لەقەڵەم، رژێمی ماسۆنی سوورە لەسەر رازداری ئەندامان و شاردنەوەی جێگە و رێی لۆژەکان و پاراستنی رازە تێکراییەکان بۆ خزمەتی کاروباری کۆمەڵایەتی یا دینی یا سیاسی، بەڵام بەشێوەیەکی تێکرایی برێك دیاردەی جیاواز لەناو لۆژ و ئەنجوومەنی وڵاتاندا وەدیدەکرێن، دەبێ بەوردی لەو دیاردانە

وردبینـــەوە، بەتەئکیــد هـــەر هـــەموو ئـــەو دیاردانـــە لەخزمـــەتی ئینسانیەتدان.

لەیاسای بنـەڕەتی ماسـۆنیەتدا زۆرتـر پـای لەسـەر کـاروکردەوەی ئەخلاقی داکوتـاوە، فەلسـەفەی ماسـۆنیەت لەسـەر دوو بـوار دانـراوە، یەکەمیان: وەحدانیەتە، دووەم: لەناونەچوونی رۆحە، بەلاّم ماسۆنیەتی تازە بەگوێرەی بیروڕای میللەتانی جۆراوجۆر لەڕۆژی پێنجـەمی مـانگی ژوییەی ساڵی ١٩٢٢دا لەگۆڤاری گراندوریاندا باسـێکی بلاّوبوویـەوە کـە لەلایەن لۆژی "گەورەی گراندوریان"ەوە نووسـرابوو کـە چـەندان خـاڵی رۆشنکردووەتەوە وەك:

١. یەکێتیو تیایدا ئەندامێك دەربـارەی دارایـی میللـەت دەدویّ بـۆ خزمەتگوزاری خەڵکی و کۆمەڵگا.

٢. ئەی مرۆڤ دۆستەکان یەکێتیی پێویستە.

٣. ئاشتی و کارکردن.

٤. ئەی دڵ و دەروونە یەکگرتووەکان چۆن دەتوانین بیروڕای ماسۆنی لەخزمەتی ئینسانیەتدا بڵاوبکەینەوە.

ماسۆنیەتی فەرنساوی بەوردی ئاشکرای دەکات و لەساڵی ١٨١٧دا تیایدا رۆشنی کردووەتەوە و یاسایەکی داناوەو دەڵێت:

١. هیچ "ژنێکی مامۆستا" بەبێ سەلماندن و مۆڵەتی مامۆستایەکی گەورە، مافی لۆژ دروستکردنی پێ نادرێت.

٢. لۆژی تایبەتمەندی ئەندام قەبوڵکردن دەبێت، مامۆستای گەورە ژن و دوو چاودێری ژن و سکرتێری ژن و خەزینەدار و سەرۆکی تەشریفات، ئەوانیش ئافرەت بن.

٣. هەر ئافرەتێك لەهەر پلەو مەقامێکدا بێت مافی پلەی بەرزتری نییە مەگەر دەورەی لۆژی دایکەکانی دیبێت.

٤. ئەندام دەبێ تەمەنی لەهەژدە ساڵ کەمتر نەبێت.

هەندەسە و بەننایی دوو بەشی تەواوکەری یەکترن و ئەو شازادەیە بووە بەوەستاکار لەهەندەسەداو رێزێکی فراوانی لەوەستاکارانی بناسازی دەگرت، فەرمانێکی لەشاوە وەرگرت کە تیایدا مافی بەنناکانی پارێزراو بووە، چەندان دەستخەتی ترو کتاوی جۆراوجۆری کە لەم رووەوە بە دەستەوەیە و لەمۆزەخانەی بەریتانیادا پارێزراوە.

# ئه نجوومەنی کۆنی ماسۆنیەت

لــە ئەرکــە کۆنــەکان ١٢٦٨دا کابرایــەکی فەرەنســاوی "ئــاین باڤالو"ەوە کتاوێکی نووسیوە بەناوی "کتاوی ئیش" ئەو کتاوە تــەواوی یاساو چۆنیەتی کار و پێشەی وڵاتی فەرەنسای تیادایە و بەچاوگەیەکی ســوودمەند دەناســرێت، لــەبارەی روونکردنــەوەی حــاڵ بــاری کــارو کــردەوەی کۆمەڵایــەتی، ئــابووری، مێــژووی کۆمەڵناســی ســەدەی سیانزەهەمی وڵاتی فەرانسە.

یاسانامەی ٤٨ لەلایەن موهەندسی میعماری "گیون ئۆسن پـو"ەوە دانـراوە، کـە بـەمیعماری تایبـەتی "لـوئی چـوارەم" دەناسـرا، مـادەی حەوتەمی ئەو یاسانە دەڵێت:

بەنناکان، گەچبڕەکان، بەندسازەکان بۆیان هەیە سوود لەیارمـەتی خزمەتکار هاوڕێ هاوکارەکانیـان وەرگـرن، بـەڵام نەشـیاوە رازی کـارو کــردەوەی مامۆســتاکەیان بــزانن، ئیــدی بەڵگــە و دیکــۆمێنتی زۆر بەدەستەوەیە.

# ئەركە كۆنەكان

ئەركە گشتییەكان چەندان لاپەڕە دەربارەی داب‌ونەریت و چۆنیەتی هەڵساندن لەپشتی مێزەوە، بەتایبەت لەماڵی مامۆستادا و كردار و رەفتاری شایستە و دابینكراو لەگەڵ هاوسەر و كچی مامۆستادا، دیكۆمێنتێكی نوسراو بەدەستەوەیە بەناوی: (رجیوس) كە لەمۆزەخانەی بەریتانیادا پارێزراوە كە سی و سێ لاپەڕەیە، بەخەتی گوتیك نووسراوە، نووسراوی سالآنی ١٣٨٨–١٣٤٥ییە، دوو بەشە، بەشێكی دەربارەی یاسایە، ئەو بەشەكەی دەربارەی "لێدوانە" كە بۆ كرێكاران و تازە بەئەندامبووان نووسراوە، تەواوی راگەیاندن و مەبادایە لە پاراستنی رازی كار و پیشە، هەر لەو نووسینەدا باس كراوە كە بەننایەك لەسەردەمی دەسەلآتی "ئانلستان" شای بەریتانیا بووە،

دەگاتە ئەو ولاٌتەو شا زۆر ڕێزی لێدەگرێت و هونەرەکەی بەلاوە گرنگ بووە، کابرای بەننا داوا لەشا دەکات ڕێگەی پیٚ بدات تا ئەنجوومەنێك لەمیعماران و ڕۆشنبیران پێکبهێنێت و ئەو مولّەتەی پیٚ دەدرێت و ئەنجوومەنەکە چەندان بەندی لێدوان و پانزە فەسل ڕێك دەخەن کتێبێکی دەستنووسی دیکە بەناوی "کۆك" لەلایەن مایتوکوکەوە بلاٌوکراوەتەوە، کە لە کتاوی "رجیوس"ەوە وەرگیراوە تیایدا دەلّێت: ئەلستان شا چەند کوڕی هەبوو، کوڕە بچووکی شا گەلێك مەیلی بەلای هەندەسە و ساختمانەوە بووە.

# ڕوونکردنەوە

بەڵــێ بەنــدە لە ســاڵی ١٩٧٠وە میعمــارم و کاروبــاری ســاختمانی دەکەم و لە زۆر وڵاتاندا کــاری میعمــاریم کــردووە و لە کــاری خۆمــدا ســـەرکەوتووبوومە و لەو ڕووەشـــەوە برێــک خەڵات کــراوم، بەڵام هــیچ پەیوەندیەکم لەگەڵ میعمارەکانی نــاو ماســۆنیەتدا نەبــووە، " خــۆزگە هەمبایە."

مــن لەوە ســـەرم ســـووڕدەمێنێ برادەرانـــی چەپگـــرا، بەتـــایبەت کۆمەنیستەکان بۆ ئەوەندە دژ بە ماسۆنیەتن؟

هەر نەبێ ئەوسا لەبیـرمە سـەرەتای شۆڕشـی چواردەی گەلاوێـژ ١٩٥٨ز، قەڵەمبەدەســتانی ئەو کــاتە شــیوعییەکان، لە هەر بــۆنە و

هەڵکەوتێکدا باسیان لە دڕندەخوویی و دژ بە مرۆڤایەتیی ماسۆنیەت دەکرد.

بەندەی مێردمنداڵ هەر ماسۆنیەکم بە دڕندەیەکی دەست و لەپ خوێناوی دەزانی...وەک دەردەکەوێ لە سەردەمی پاشایەتیدا ڕەنگە سەرجەم لە عێراقدا دە ماسۆنی تیادا نەبووبێت، ئەوە کوردەکە هیچ، هەتاوەکوو ناوی ماسۆنیەتیشی نەبیستبوو.

ئەو هەموو دوژمنکاریەی بۆ؟

منی مێرد منداڵ ماسۆنیەتم لابووبووە دەعبا و دڕندە و ڕەنگە خەڵکانی تریش هەر وەک من وا بووین....

ئەو دڕندە و دەعبایە وا لە فکر و خولیای کەسانی وەک من درستکرابووە، هۆکارەکانی چی بووە؟

کەس ماسۆنیەتی نەبیستبوو، هیچ کوردێک ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە نەبووە، نازانم بۆ "تۆفیق وەهبی" .

ئایا لەسەر ئایینداربیان بووە، یان بیروفکرێکی ڕۆژئاوایی بووبێت؟

ئایا بۆ تەفرەدان و هەڵخەڵەتاندن بووە؟

با کۆمەڵگەی ماسۆنیەت و کوشتارگەی سەردەمی دەستەلاتی ستالین بە یەکەوە بە راورد بکەین، ئەو دەم ڕاستییەکان بە یەکەوە بەراود بیکە، ئەو دەم ڕاستییەکان بە وردی وەدەر دەکەون؟

بەندە سەرتاسەری ژیانم بە گوێرەی توانام لە هەقیقەتەوە دوورنەکەوتوومەتەوە، بەو بۆنەشەوە زەرەر و زیانی زۆرم کردووە و پەشیمانیش نیم.

ماسـۆنیەت ئەورۆکە جیهـانی بەدەسـتەوەیە و بەشـەریەت حـوکم دەکـات، ئـێمەی کـوردیش لە ڕووی بـێ خەبەریـیەوە، لە ڕووی بـێ ئاگاییەوە لامان وایە ماسۆنیەت بە کاڵی دەمانخوات.

با ڕاستگۆ بم، ئەگەر تەمەنم وانەبوایە و نەختێک گـوڕی ئەوسـام هەبـووایە دەکۆشـام وەکـوو کوردێـک لە نـزیکەوە ئەو ڕێکخـراوە جیهانیەم بناسیایە و لەو ڕێگەوە خزمەتی میللەتەکەی خۆمم کردبا.

با گەنجی لێهاتوو و ڕۆشنبیریی کورد لەم پەرتـووکە خنجـیلانەیە وردبێـتەوە و بە دوای بـاری خراپەیـدا بگەڕێـت، نەک چاکەکـانی ئەو دەم بڕیاری خۆی بدا...

**خوسرەو جاف**

**٣/٣/ ٢٠٢٠ / هەولێر**